ژیر لە وەڵامدا گوتی: ئەوە قەوەتی پەنجەی پڵنگ نییە منی وا لێکردووە، بەڵکو ئەوە زەختی ئەو ئەرکانەیە ئێوە شانتان لە ژێری خاڵی کردووە. مێروولەکان ژیریان هەڵگرت و بەرەو ماڵ بردیانەوە.

زانا تاسەمەندی دیتنی دووبارەی ژیر بە هەموو بێ وازی خۆیەوە خۆی گەیاندە دەروازەی شار و چاوەڕوانی هاتنەوەی ژیر بوو کە تەرمی ژیریان هێنایەوە. زانا بە هەرێووک دەست بەسەری خۆیدا داو گوتی:

– مێروولەکان ڕۆڵەیەکی هەرە ژیرو دڵسۆزی خۆیان لە دەست دا کە درەنگ جێگای پڕ دەبێتەوە. بەڵام ژیر بە مردنی خۆی دەرسێکی گەورەی لە خۆ بەخت کردن و مردن لە پێناوی ئامانجی ڕزگاری بە ئێمە نیشاندا. تەنیا داخم ئەوەیە، دەبوو ئەو دەمەی خۆی کردبایە بە قۆچی قوربانی، کە بە مردنی، تای تەرازووی ژیانی لە بواری سەربەستی دا قورسی کردبا.

مێروولەکان کە تەرمی ژیریان لەسەر شان بوو، لەبەر خۆوە دوا قسەکانی ئەویان دووپات دەکردەوەو بۆ مێروولەکانی دیکەیان دەگێڕایەوە «ئەوە قەوەتی پەنجەی پڵنگ نییە منی وا لێ کردووە، بەڵکو ئەوە زەختی ئەو ئەرکانەیە ئێوە شانتان لە ژێری خاڵی کردووە».

جاری وایە، گایەکە بە هۆی ماندوو بوون، بۆ حەسانەوە شاخی دەگۆڕێت و شاخەکەی دیکەی وەبەر زەوی دەدات. ئەو نۆرە گۆڕینەیە، دەبێتە هۆی ئەو بومەلەرزەیەی کە ئەتۆ دیتووتە.

ژیر کە مێروولەیەکی لێزان و وریا بوو، بە بیستنی ئەو شتانە ئیزنی قسەکردنی لە گەورەکان وەرگرت و گوتی:

– من بە هەموو ڕێزێکەوە کە بۆ قسەکانی مام باپیرو ئەزمونەکانی ژیانی وی دادەنێم، لەگەڵ بڕێک لە فەرمایشتەکانی مام باپیر نیم.

یەکەم: بروسکەو گرماندنی هەور بە هۆی یەک کەوتنی بە توندی دوو هەوری موسبەت و مەنفی‌یە کە ئەو بروسکەیە، پێک دێنێت و هیچ پێوەندییەکی بە حەزرەتی جوبرائیلەوە نییە.

دووەم: ئەو زەوییەی کە ئێمەی لەسەر دەژین لە مێژ ساڵ لەمەوبەر گۆێکی گەورەی ئاوری بووە. وەکو هەتاوی ئێستا کە بە هۆی گەڕانی بە دەوری خۆیدا پاش ماوەیەکی یەکجار زۆر کە گەرما و سەرمای بەسەردا هاتووە و گیان لەبەران توانیویانە لەسەری پەیدا بن و بژین. بەلاّم ناوی ئەو گۆ گەورەیە هەروەها گەرم و ئاورینە و زۆر جاران هەڵم و تینی ئەو ئاورە، دەبێ بە هۆی ئاور پڕژێن یان قەڵشینی زەوی، کە هۆی بوومە لەرزەیە.

سێیەم: من پێم وایە لەو ڕۆژانەی بێکاری دا دەبوایە ئێمە بیرێکمان لە چارە نووسی ڕەشی خۆمان کردبایەوەو لە بیری ڕێگایەک دا ببایین کە لەم وەزعە ڕزگار بین، ڕۆژ نییە لەملاو ئەولا، پێ‌پان بە دەیان کەسمان لێ نەکوژێ و لەبن پێیدا لەت و پەتمان نەکات یان بە قەپاڵێک بژێوی ساڵمان هەڵنەلوشێ. ڕۆژ نییە بە پێنج جارو دەجار شارەکەمان بە سەردا نەڕوخێنێ. جا کەوابوو ئەوە بوومەلەرزە و بروسکە نین کە ژیانیان لە ئێمە تاڵ کردووە، بەڵکو، ئەوە پێ‌پانە کە دوژمنی گیان و ژیانی ئێمەیە. جا داواتان لێ دەکەم وەرن پێکەوە دەست وەدەست بدەین و ڕاپەڕین دەست لە دەست و قەوەت لە خودا، بەڵکو توانیمان دەرەتانێک بۆ ڕزگاربوونی خۆمان لەو هەموو ماڵ وێرانی و بەد بەختی‌یە بدۆزینەوە.

مێروولەیەک بە نێوی مووچەخۆر، قسەکانی ژیری زۆر پێ ناخۆش بوو گوتی:

– پێم سەیرە تۆ ئاوا سپڵەو نمەک نەناس بی. ئێمە نانی ئەو پیاوە دەخۆین. ئەو شتانەی کە لە ئەمبارەکەمان کۆمان کردۆتەوە هەموو بەرهەمی تێکۆشانی شەو و ڕۆژی پێ‌پانە و ئێمە لە زەوی و زاری ئەو دا دەژین.

ژیر وەلاّمی دایەوەو گوتی:

– باب و باپیرانی ئێمە هەزاران ساڵ پێش هاتنی پێ‌پان لەم وڵاتەدا ژیاون و لەبرسانیش نەمردوون، کاریان کردووەو بەرهەمی تێکۆشانی خۆیان خواردووە کەسیش نەبووە لە ژێر پێدا پانیان کاتەوە. ئەوە پێ‌پانە بە ملهوڕی دەستی بەسەر وڵاتی ئێمەدا گرتووە. لە خۆڕا یاسای بۆ داناوین چونکو ئەوە ئاکاری زەمانەیە کە زۆرداران بە قازانجی خۆو بە کەیفی خۆ قانوون دانێن.

پێشینان گوتوویانە: (کە زۆر هات قەباڵە بەتاڵە). ئێمەش دەبێ بۆ پاراستنی گیان و ژیانی خۆمان بە هێز بین.

مام باپیر وەدەنگ هات و گوتی:

– خۆشەویستانم، زۆربەی زۆری قسەکانی ژیر ڕاستە، من زۆر شتی تازە لە ژیر فێر بووم کە لە پێشدا نەم دەزانی، بەلاّم بە ئەزموونێک کە من لە ژیاندا هەمە، ئێمە بە پێ‌پان ناوێرین، دەنا من زیاتر لە ئێوە دڵم لە پێ‌پان خوێن دەگرێ. لە ماوەی تەمەنی درێژمدا، بە دەیان جار پێی لەسەر ناوم و دەست و لاقی شکاندووم، ڕەنگە ویستی خودا بووە، کە نەمردووم.

ژیر وەلاّمی دایەوەو گوتی:

– مام باپیری بەڕێز توانای هەر کام لە ئێمە بە تەنیا هێندە نییە، بەلاّم ئێمە، پێکەوە هێزین و هێزی گەل بە هیچ شتێک تێک ناشکێت. هەر ماوەیەک لەمەو پێش خزمەکانی ئێمە لە شوێنی دیکە هێرشیان بردۆتە سەر دەیان پێ‌پان و تۆڵەی خۆیان ئەستاندۆتەوە و توانیویانە ناوچەی خۆیان لە بوونی زاڵمان و خوێن مژان پاک بکەنەوە. هۆی ئەو سەرکەوتنە تەنیا لە یەکگرتن دا بووە. من هەر چەند هەست

www.arsivakurd.org

چیرۆک

# مێـرووڵــه

کەریمی پورقباد

دوو ڕۆژ بوو بەبێ پسانەوە باران دەباری، هەر دەتگوت کوزەی سەرو ژێرە.

مێرووله ڕەنجدەرو ماندوییی نەناسەکان دەرفەتیان هێنابوو، لە دەوری یەک کۆ ببنەوەو لە فرە شتان بدوێن. مێرووله خونچیلانەکان کە تازە چاویان پشکوتبوو، لە ترسی ڕووناکایی بروسکە و گرمە گرمی هەوران لە ئامێزی دایکیان خزا بوون و پێیان وابوو هیچ قەڵاو مەتەریزێک، قورس و قایم تر لە باوەشی پڕ لە خۆشەویستی دایە نییە. ئەسپی سەرکێش و بێ لغاوی قسە هەر کاتە لە هەواییەک و هەر دەم و سات بۆ لایەک دەچوو. هەر پرسیار بوو دەکراو هەر وەڵام بوو کە دەدرایەوە.

ڕووی پرسیارەکان پتر لە مام باپیر بوو. مام باپیر، پیرە مێرووڵەیەکی دنیا دیدەو قسە خۆش بوو، لەماوەی ژیانی دوور و درێژی پڕ لە هەورازو نشێوی خۆیدا، زۆر بەسەرهاتی تاڵ و شیرینی هەبوو، کە بۆ مێرووڵەکانی بگێڕێتەوە.

ڕووی پرسیارەکان پتر لە مام باپیر بوو. مام باپیر، پیرە مێرووڵەیەکی دنیا دیدەو قسە خۆش بوو، لەماوەی ژیانی دوورو درێژی پڕ لە هەورازو نشێوی خۆیدا، زۆر بەسەرهاتی تاڵ و شیرینی هەبوو، کە بۆ مێرووڵەکانی بگێڕێتەوە و سەریان لە ڕۆژەکانی بێکاریدا گەرم بکات. بەسەرهاتەکانی مام باپیر گەلێک جار مێرووله لاوە دڵپاکەکانی وەگریان و پێکەنین دەخستن. فرە چیرۆک گوتران و زۆر پرسیار وەڵام درانەوە. بڕێک لە پرسیارەکان بۆ وێنە ئەمانە بوون:

– مام باپیر ئەو ڕووناکییە چییە نێو شارەکەمان ڕوون دەکاتەوە؟

مام باپیر: ئەوە بروسکەیە چاوی مامی.

– ئەی ئەو دەنگە چییە پاش بروسکە دێت؟ بروسکە چۆن دروست دەبێت؟ ئەو دەنگ و بروسکەیە تەنیا بۆ ترساندنی ئێمەیە؟

مام باپیر: نە ، ڕۆڵەی مامی، ئەو کاتەی کە خودای مەزن بە جەنابی جوبرائیل فەرمان دەدات بارانی ڕەحمەت بەسەر خەڵکدا ببارێنێ و زەوی بۆ دانی بەرهەمی باشتر، پاراو بکات. حەزرەتی جوبرائیل، لە تاوی فەرمانی خودا، بە تورەییەوە، بەهەوران ئەمر دەکات کە باران ببارێنن. ئەو بروسکەیە، لەوێک کەوتنی قامچی و ئەو دەنگەش دەنگی پڕ لە سامی حەزرەتە. جا کەوا بوو ئەو گرمەو بروسکەیە هیچ جێگای مەترسی نییە.

– مام باپیر ببورە جوبرائیل کێیە؟

مام باپیر: مامە گیان فریشتەی وەڵام بەری خودای گەورەیەو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات.

مێرولەیەکی دیکە دەستی بە قسەکردن کردو گوتی:

– مام باپیر ئەوە لە مێژە پرسیارێکم لە دڵ دایە بەڵام بەهۆی کارو گیروگرفتی ڕۆژانە، کاتی ئەوەم نەبووە بپرسم، ڕۆژێکی کە بۆ کۆکردنەوەی پێخۆر، چووبووم لەناکاو زەویەکە لە ژێر پێم چەند جار بە توندی ڕاژا. من ترسام و ڕاچەنیم.

مام باپیر: خۆشەویستم ئەو ڕاژانەی زەوی بومەلەرزەیە.

باشە مام باپیر زەوی چۆن لە خۆڕا دەلەرزێتەوە؟

مام باپیر: ڕۆڵە گیان ئەگەر بیری لێ بکەیەوە، هیچ کارێک لە خۆڕا نییە. ئەم زەوییەی ئێمەی لەسەر دەژین، لەسەر شاخی گایەکە، گایەکەش لەسەر پشتی ماسییەکە و ماسییەکەش لە دەریایەک دایە.

دەبزوای. دەبزوایت و بەر پەنا و قوتەی گرد دەکەوتی. بەهیچ گردێکەوە نە دەگیرسایتەوە. بەرەو هەناوی شتێ دەبزووتی. چی بوو؟ چ نەبوو؟ ئەو شتە تاریکایی بوو یا ڕۆشنایی؟ نەتدەزانی. شنەی بایەک، سووک سووک باڵەو باڵی گردەکان دەیبردی و دەیهێنای. هەر لە خۆڕا دەخولایتەوە و هەر لە خۆڕا بەدووی هەناوێکدا دەگەڕای...

***

دار توومەکەی دەم جۆگاکە، هەموو ڕۆژێ، بەیانیان چاو دەبڕێتە کەمەی کەلی لای ڕۆژ هەڵات:

– هاکە هاتیتەوە... هاکە هاتیتەوە بەر سێبەرەکەی و هەردوو قاچت خستنە ناو جۆگە ئاوەکە... هاکە هاتیتەوەو ژیان بە دەمارە وردەکانتدا، بەڕەگەکانی پەنجەتدا کشا... هاکە بە خۆت و بەردێکی خڕەوە دانیشتیت و ڕەگی نادیارت لە پەنجەکانی پێتەوە داکوتا... هاکە لەگەڵ خۆری ڕۆژێکدا هەڵهاتی و گەڕایتەوە ناو خۆڵە هەزار جار سووتاوەکەی ئاوایی ... هاکە هاتیتەوەو بووی بە دەنکە زیخی دەوری ڕەگی گوڵە زەردە و پێی هەزار پێ و قنچکەی بەردی نێوان پەنجەی وردی منداڵی بێ داک و باب... هاکە هاتیتەوە و بووی بە گۆی گردێکی ئەو دنیا بازنەییەو کەس نەیتوانی هەڵتکۆڵێ...

١٩٩٠/١٠/٢١

ستۆکهۆڵم

## پەراوێز:

١– تەبرسان گەورە : گۆڕستانێکە، مردووی گوندی «گوڵدەرە»ی لێ دەنێژرا، بەڵام لە «حەسار»ەوە نزیکترە.

قومسال، قلینچ دوو پارچە زەوی خوارو ژووری ئاواین.

٢– ئەو گوندانەی کە لەم چیرۆکەدا ناویان هاتووە کەوتوونەتە سەرەوەی کەرکوک... هێندێکیان ساڵی ١٩٦٣ ڕوخێندران و هێندێکی تریان لە سەردەمی (ئەنفال)دا.

٣– ترپ : توور.

٤– سەرک : سەلک

٥– کلاو قرپی : کلاوێکە، منداڵ لە گوڵە زەردە دەیچنن و ماوەی چەند سەعاتێ لەسەری دەکەن. ئەو ناوە، تەنها بەو کلاوە دەگوترێ کە لە گوڵە زەردە چنرابێ.

٦– باڵۆرەیەکی باوی ناوچەکە بوو. کەسیش نەیدەزانی ئەو حەسەنە کێیە.

٧– شامە غەریبە: گۆڕی ئافرەتێکی گوایە «ئەسحابە»یە. بەلای خەڵکی ناوچەکەوە پیرۆز بوو و نیازیان لەسەر دەگرتەوە.

بارە غولغول : مەرقەدی پیاو چاکێکی وەک «بارە گورگوڕە» ژنی نەزۆک دەچوونە سەری و خۆیان بە گردۆڵکەکەدا گلۆر دەکردەوەو ئەوەیان دەگوت کە بۆ بارەگورگوڕ گوتراوە «بارە غولغول بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم»

خدر زیندە : ناوی گۆڕستانەکەی گوندی حەسارەو هەر لە «خدر زیندە»ی بەناوبانگەوە هاتووە.

٨– نارچێ : ناتەزێ «لەسەرما».

٩– ناژنەرێ : نابیستێ.

١٠– کەمە : چەماوە وەک دەمی داس «کەمەی گۆچان» باوە.

١١ بەور : وردترین گەردی کا. پووش کە دەسووتێ، هێندێ لە سووتاوەکەی لەگەڵ دوکەڵدا دەچێ بە ئاسماندا.. «بەور»ی پێ دەگوترێ.

دەمرێ... ئەو دێیە ناوکی دنیایە.

دەڵە دێوێ، وەک هەوری رەش لێت پەیدا بوو. چنگی لە سینگت گیر کرد، رەگی پەنجەی گەیشتە دڵت. رایتەکاندی و کرتەی لە رەگت هەستان. زەوی نرکەی لێوە هات. خاکە خۆڵەمێشیە هەزار جار سووتاوەکە زریکاندی... هەڵیکێشایت و بردتی. زەوی نەمرد. ئەگەر زەوی بەو نرکانە بمرێ، هەر لە سەرەتاوە دروست نەدەبوو. تۆش نەمردی، رەگت لەسەرتەوە دەرکرد. لە چاوتەوە، لە گوێچکەکانتەوە، لە دەمتەوە و لە سینگتەوە رەگی وەک رەگی گوڵە زەردەت دەرکرد. هەر تاڵێکی هەزار دەنکە زیخی وردی پێوە بوون.

***

گەیشتیتە وڵاتێکی خاک نەسووتاوی بێ گردو کەمە. وەک ئەو دەمەی کە لە دەنکە زیخ و قنچکە بەرد ورد دەبویتەوە، لە جەستەی دەڵە دێوە هاوسەرە دایکانەکەت ورد دەبوویتەوە:

ئەم خاڵە لەوەیان رەشترە. ئەم خاڵە لەم خاڵە خڕ ترە. سەری ئەم داوە قژە قڵەشاوە. ئەم گۆ مەمکە، کونێکی بۆ شیر لەو گۆیە کەمترە. لێی ورد دەبویتەوە، لە خەتەکانی ناو لەپی، لە گەندەمووی مەچەکی، لە زیپکەی باسک و لاملی ورد دەبوویتەوە. نەتدەزانی لە چ دەگەڕێی. وێڵی دوای نهێنییەک بوویت کە لە خۆشت نهێنی بوو. ئەوەی ویستت، لە خاکی ئەو جەستەیەدا نەبوو. وەک قەوزە بە سەریەوە مای بۆ ئەوەی بتتوێنێ، دەبوو مەمکی لە زارت نێ...

بەرەو وڵاتێکی بێگۆی دی و بەرەو باوەشێکی نادایک خۆت راپسکاند. دەڵە دێوە هاوسەرەکەت نرکەی دابڕان تەزاندی... نرکەی دابڕان پەکی خست. وەک بنێشتە تاڵەی بەر هەتاو داچۆڕایە ناو خاکەکەوە.

هیوای هێلانەی دڵت چکی کرد. چی دی بەدوای باوەشێکدا نەگەڕای کە بە باوەشی ئەو هەموو دایکە نەچێ. بە خەیاڵ، ژنێکت داڕشت؛ قژی وەک قژی رەعنە بوو. دەمی وەک دەمی خەجێ بوو. چاوی وەک چاوی ئامە بوو. مەمکی!.. هیچ ژنێکت وەبیردا نەدەهات کە مەمکی سەرچاوەی ژیان نەبێ. دەستی!.. دەستی هیچ ژنێکت وەبیردا نەهاتەوە کە سۆزی دایکێکی تێدا نەبێ. ئەو ژنەی کە داتڕشت.. وێنەی بە دارتووەکەی دەم جۆگە ئاواکەی ئاوایی دەچوو...

تۆ لە وڵاتی بێ گردو گۆ و (کەمە) (١٠) وە، دار تووەکەش لە خاکی شیر تێپەڕی و بەژیان ئاوسی ئاواییەکەتەوە، چاوبڕکێتان دەکرد. رەگەکانی کەللەسەرت، زیخەکانی هەڵوەرین. گەڵاو گۆپکەت سیس هەڵگەڕان. کزو سیس بووی. هێواش هێواش، دازایتە ناو تاریکاییەکی بێ ئامان و بێ سەرو بنەوە. شتێکت، شڵپ بەر بووەوە. جەستەت بوو و ڕما. وەک دیوارێکی رزیو، هەستت بە لەزەتی هەڵوەرینی جەستەت دەکرد. هەستی ترت بۆ پەیدا بوو. دەکشای، وەک بەردێکی پڕ بە مشتی منداڵێت کە بەرەو بنی بیرێکی بێ بن هەڵدرابێ، دەکشای. تیژ دەکشای بەڵام جەستەی داتەپیوی خۆتت دەدی کە رەگەکانی کەللە سەری وشکەوەبووی، خۆیان لەملی هاڵاندبوو. جەستەکەت، وەک کەرتە دەرخۆنەیەک، وەک هەنگڵی رەق هەڵاتووی مەشکەیەک. وەک سەرە تەشییەکی بێ کەڵک یا هەر شتێکی لە کەڵک کەوتووی سەر زبڵدان دەهاتە بەرچاو. خەمت لێ نەدەخوارد. ئەو جەستەیە، چی دی خۆشەویست نەبوو. دنیایەکەتیش، وەک گۆ خڕ بوو. پەمەیی بوو و لە هێندێ جێوە پەڵەی سووری پێوە بوو رەگ و دەماری وەک خوێنی تێدا بوون... نە ئازارت هەبوو نە خەم. هەستت دەکرد، لە نێوان دوو بەرداشی زەبەلاحدا دەهاڕدرێی. خرمە خرم و قرچەقرچی ئێسقانەکانت هێند پێ خۆش بوو پێت وابوو تەزووی حەزت پێ دەگا... داچۆڕای، بە نا سروشتی دا چۆڕای. هەموو شتێ بەرەو زەوی دادەچۆڕێ، کەچی تۆ بەرەو حەوا داچۆڕای. سووک سووک، بەرەو حەوا هەڵکشای. دەستت لە جەستەت گیرا ... هیچت وەبەر دەست نەکەوت. هەستت کرد دەستیشت نەبوو. روانیتە خوارێ، دنیا خڕو بازنەیی بوو. هەزار بازنەی بچووک بچووک لەناو بازنەیەکی خڕی گەورەدا، پاڵەپەستۆیان بوو. یەکێکیان داگیرسابوو. دەستت لە جەستەت کوتا. لەش هەبوو نە دەست. لەخۆت و بازنە داگیرساوەکەت پرسی:

– هەی هەی !! کوا جەستەم؟! هەی هەی!! من کوام.

خۆت نەدەبزواند، کەچی دەبزوای. بەدەم باوە، دەهاتی و دەچووی. وەک بەوری (١١) بەربا وا بووی، قورساییت نەبوو. سووک سووک دەهاتی و دەچووی. نە دەتویست ببزوێی نە هەوڵی نەبزوتنت دەدا.

نەکەوتبوو دووجاران مێرد بکا، دڵت خۆش دەبوو:

– دایک بمرێ لەوە چاکترە دووجاران مێرد بکا، دایکی من مرد. من دایکی خۆم نەدیوە... خوایە دەبێ دایک چۆن بێ؟! ئەوەت لەبەر خۆتەوە دەگوت و سەیری پەنجە قوڕاوییەکانی پێت دەکرد. دڵت خۆش دەبوو کە هێشتا دڕکە پێکوڵە ڕەق نەببوون و بە پێتدا نەدەچەقین. هەستت بە ماندوو بوونی ملت، لەژێر کڵاوەکەتدا دەکرد.. گوڵە زەردە، تەڕ و ئاودار و قورس بوون. گرێی چنینیان، لێرە و لەوێ بە ناوچەوانتدا دەچەقین و سووکە ئازارێکیان پێ دەگەیاندی.

وەک هەر ڕووەک و گیاندارێکی ماڵی و کێوی، زەوی دەیژیاندی و پەروەردەی دەکردی و پێی دەگەیاندی.. زەوی هەموو شت و هەموو کەسێکت بوو. خۆ زەوی و بستۆکە پیرۆزەکانی نەبوانایە هەر دروستیش نە دەبووی. دایکت، ژنێکی نەزۆک بوو. بەزەبری «مەرقەدەی پیاوچاکان پەڕیتە هەناوی دایکتەوە. «شامە غەریبە» و «باوە غولغولە» و « خدر زیندە» (٧) و «باوەگوڕگوڕ» لە خودا پاڕانەوە تا دایکت زگی پڕ بێ و تۆ دروست بی. لەبەر ئەوەی «باوەگوڕگوڕ» لە عاقاری بەرچاوت و لە ناو بازنەی دنیاکەی تۆدا نەبوو، بەلای تۆوە لە دنیایەکی دی بوو. دایکت بەرۆکی بەرنەدان و نەدان. تا زگی خۆی پێ پڕ نەکردن وازی لێ نەهێنان! وەک زالو بە هەناوی دایکتەوە لکای، دروست بووی.. پاشان، نرکەت لێ هەستاند و ترازای، دایکت وەک زەوی بەپیت و خۆڕاگر نەبوو. دایکت هەر بەو نرکەیە مرد... نرکەی لێک دابڕان و جودا بوونەوە بە کۆرپەیی، مەمکی هەموو ژنی ئاواییەکەت دەمژی. هەموویانت کرد بە دایک و هیچیشیان دایکت نەبوون. مەمکی چرچ و لۆچت مژی. مەمکی گۆشتن و توندو پڕ شیرت مژی. مەمکی وەک بەردەکەی ناو مشتت، ڕەق و بچکۆلەت مژی. ئاخر کچە عازەبێکی تازە پێگەیشتوش، وەک شەک مەڕ، بەسەرتدا دەیبانی و زوو زوو مەمکی لەزار دەنای.. تەزووی سەیرت پێ دەبەخشی. پاش هەر مەمک مژینێکیش، بەردی خۆلاویت دەمژی... تۆ چ بووی؟!.. نە تێر خاک دەبووی نە تێر مەمک. گردۆلکە دوورو نزیکەکان، لەبەرچاوت ، وەک مەمک بوون.. گۆزیان هەبوو. خەمت لە گردەکان دەخوارد کە دەتزانی عەسکەر گۆپکە قوتەکانیان هەڵدەدڕی.

لە پڕێکدا خۆشت نەتزانی چۆن زەوی دەستبەرداری سەرت بوو. خۆشت نەتزانی چۆن باڵات هەڵکشا و چۆن گەورە بووی. گەورە بوویت و ڕەگت زیاتر بەرەو ناو هەناوی ئەو خاکە ڕۆچوو. چاوت زیاتر بڕی دەکرد. ئەو دیو دنیا بازنەییەکەش شارەزا بووی. بە پێت بە گشت دۆڵ و تەلان و پاڵ و پەسێوێکی ناوەوەی بازنەکە و دیوی ئەو دیویشەوە دەبرد. دەتزانی لەو دیو بازنەی وڵاتەکەت بازنەی دی هەن. دەتزانی کە لەوێش زەوی دەنرکێنێ و ئەوێش هەر ئەو خۆڵە خۆڵەمێشی‌یە هەزار بار سووتاوەیە. گەورە بوویت و هۆشت فراوان بوو. تا خاڵخاڵان و هەیبە سوڵتان و پیرە مەگروون و ئەولا تریش بڕی دەکرد. بەڵام دەنکە زیخ و قنچکە بەردی ئاوایی، لەبەرچاوت بچووک نەبوونەوە. لەبەر خۆتەوە دەتگوت:

– ئەگەر قنچکە بەردێکی ئێرە بیەمە سەر پیرەمەگروون چ دەبێ؟ بەردی ئەوێ، بە هاوڕێی خۆیانی دەزانن؟! خاکی ئەوێ دەیگرێتە خۆی؟! ئەی لەوێ نارچێ (٨) ؟!.. نا... نا... بەردی ئێرە لەوێ هەڵناکا. هی ئەوێش لەبەر هەتاوی ئەم گەرمیانە هەڵناکا. بەردی ئێرە، وەک گلێنەی چاو وایە و لەجێی خۆی نەبێ نابینێ. هی ئەوێش، وەک ... وەک گوێیە و بەو سەرەوە نەبێ نازنەوێ (٩)... توخوا خوایە با هەرشتەو لە جێی خۆی بێ... ئاوها، وەک هەیە چەند جوانە!

گەورە بویت و مەودای هۆشت فراوان بوو. خەتت دا، دڵت کرد. کەچی لەهەر کیژێ ڕادەمای سیمای دایکێکت دەدی. هەر کیژێکت، وەک بڕکێ دەدی کە جووتێ مەمکی گواڵبەدەمی گرتبێ. دڵت، وەک پشیلەی دەستەمۆ، ئامادەی هەموو باوەشێ بوو. دڵت دا بە گشت کیژەکانی ئاوایی... بە کەسیشت نەدا.. لەباوەشی هەموویاندا، شیرو تیری «خوشکی شیری»ت دەچڕوسکانەوە. هەموو ڕۆژێ، مرخت بۆ سبەی خۆش دەکرد تا هێلانەیەک پەیدا کەی، تا وەک زالوو بەهەناوی کیژێکەوە بلکێی. کەس نەیدەتاراندی.. وەک سەردەمی کۆرپەییت باوەشی کیژت بۆ واڵا بوو. بەڵام کە سەرت دەخستە سەر سنگیان، نەوسی منداڵیت دەبزوا. دەستت بۆ مەمک گڕ دەدا... دەتمژی و خەو دایدەگرتی.

ساڵ سواری سەری یەک بوون. ڕۆژگار یەکیان شێلا... نە دایکێکت بۆ پەیدا بوو نە هێلانەیەک بۆ دڵت. لە هەموو شتێ دوو دڵ بووی ئەوە نەبێ کە ئەو دنیە چەقی دنیایە، ئەو دنیە نەبێ زەوی

# دابــڕان

**کاکە وەیس**

---

**پێشکەشە بە کوشتەی بێ وڵاتی و هەژاری و  بێ دایک و باوکی «ئەحمەد سەعدون»**

---

وەک بادەم، ڕەق و وشک و چیر و چاوقایم بووی. وەک بادەم، پڕ بووی لە ژیانی شاراوەی  نوستوو. پەنجەی پێت، لە ڕەگی نادیارانەوە، خۆشاوی زەوییان دەمژی و ژیان، بەدەمارە وردیلەکانی جەستە بچکۆلە لاوازەکەتدا دەکێشا. بە زەوی دەژیایت و زەوی پێت دەژیا. لەگەڵ خاکە خۆڵەمێشی‌یە هەزار جار سووتاوەکەی ئاواییدا تێکەڵاوی یەک دەبوون. تەن و گیانتان تێکەڵ بەیەک دەبوون. تۆ، دەبووی بە خاک و  خاک لە تۆدا خۆی دەنواند. ڕەنگی یەکترتان دەگرت. وەک «قەبرسان گەورە» و «قلینج» و «قومساڵ» (١) بووی  بە بەشێکی ئەو خاکەو وەک دار توومەکەی دەم جۆگە ئاوەکە ڕەگی نادیارت تێدا داکوتا.

خەڵکی دێ، لە دوورەوە لوتکەی هەیبەسوڵتان و پیرە مەگروون و لوتکەو چەمکێکی خاڵخاڵانیان پیشانی یەک دەدا تۆش لە قنچکە بەردو دەنکە زیخ و  سەرو ملی قالۆنچە و سەری  بزێوی مێش و پێی هەزارپێی ژێر بەرد ورد دەبویتەوە. هێندە لە چاوت نزیکت دەکردەوە تا بە  بارتەقای پیرەمەگرونی بەرچاوی گەورەکانی لێ دەهات. خەت و خاڵ و دەمار و ڕەگی بەردی پرمشتت، بە پاڵ و پەسێو و پەڵە بەفری خاڵخاڵان دەچواند. بەردی پڕ مشتە بچکۆلەکەت کلۆری  وەک  ئەشکەوتی چیای تێدا بوون. بەردی وات خۆش دەویستن،  زمانت پێدا دەهێنان و  تامی خۆڵت دەکرد. بەردی خڕ و لووست بەلاوە پیرۆز بوون و بەختت پێ دەگرتنەوە. تەمەنت گەورە دەبوو. ڕۆژگار یەکیان دەشێلاو ساڵ سواری سەری یەک دەبوون. کەچی جەستەت وەک خۆی دەمایەوە. سەرت قایل نەدەبوو بەرەو سەرێ بکشێ و لە زەوی دوور کەوێتەوە. چاوت ڕازی نەدەبوون لەو دانە گەوهەرانە دووربکەونەوە... بەڵام هۆشت، وردە وردە فراوان بوو. هۆشت، لە دوو کۆڵان پتر بڕی  نە دەکرد. دوایی سنووری کۆڵان و عاقاری زەوی و زاری ئاوایی بەزاند و  تا دوورتریش بڕی دەکرد. وڵاتی خۆت ناسی... وڵاتی تۆ، چوار پێنج گوند بوون کە جارجارێ ژنیان لێک دەخواست و بە شین و شایی یەکەوە دەچوون. گوندەکانی وڵاتەکەت، لەیەکەوە دیار بوون و بە بازنەیەکی خڕی گردی خۆڕسک دەوریان گیرابوو. لەملاوە، کەمەی «کەلەی کوردەمبل و سیکانیان بوو، لەولاوە، گردەکانی دارەمان (٢) بوو  کە ئێوارە نەبوو خۆر قووت نەدا، لای ژووریشەوە هێندێ گرد و گردۆڵکەی دی باوەشیان بۆ دنیەکەت و دنیایەکەت کردبۆوە. ئەوە دنیای تۆ بوو... گوندەکەشت، چەقی ئەو دنیا خڕە بوو.

بەهاران، گوڵە زەردەت لەناو زەوی لماوی شێداردا هەڵدەکێشا، هەرچەندە سووک بە دەستە بچکۆلەکانتەوە دەهاتن بەڵام لەگەڵ هەڵکێشانی هەر تەڵێکدا، زەوی نرکەی لێوە دەهات. نرکەی زەوی، بە نرکەی کێلانێ دەچوو کە خەنجەرەکەی خۆی بۆ سوورکردن هەڵکێشێ. نرکەی زەوی، بەنرکەی دایکێ دەچوو کە منداڵ لە منداڵدانی ترازابێ. گوێچکەت بە زەوییەوە دەنا، گوێت لە وژە وژ دەبوو. گوێچکەت دەخستە سەر بەردێکی خڕی پڕ مشتت کە نیوەی لەناو خاکدا چەقی بێ. گوێت لە چپەچپی گوڵە زەردەی شەرمن و فەریکە جۆی تازە شیر تێپەڕاو دەبوو. چپەیان تێکەڵاوی هاژەو وژەی لافاوێکی نادیار دەبوو. لە ڕەگی گوڵە زەردەی دەستی خۆت ڕا دەمای. هەر ڕەگێکی، سەدان دەنکە زیخی شێداری پێوە بوو. ڕەگی گوڵە زەردە سپی بوو. بەڕەگی ترپە بەغدایی (٣) بێ سەرک (٤) دەچوو.

گوڵە زەردەت دەچنی و دەتکرد بە کڵاو قۆڕی (٥)، تۆ و هەموو منداڵانی ئاوایی، بەهاران کڵاو قۆڕیتان دەچنی. هەموو جارێ کە کڵاوەکەت دەنایە سەرت، بالۆرە نەمرەکەی منداڵانت وەبیر دەهاتەوەو لەبەر خۆتەوە دەتگو:

– گوڵە زەردە گوڵی کردووە دایک حەسەن دوو شووی کردووە (٦). لەبەر ئەوە دایکی تۆ فریای ئەوە

# گلکۆی گوڵی سوور

نەزەند بەگی خانی

برژانگەکانت بخە سەر لێوم
لێوت بخە سەر برژانگەکانم
رۆژگارێکە لە نێوان لێو و برژانگەکانمان
گوڵێکی سوور سەربڕاوە.

لە تاریکی شەوی تەزیوی رێگا نەبڕاوەکان
دەخزامە ژووری هەناسەت
دەخزایە ژووری هەناسەم
باڵندە باڵکراوەکانی لەشمان دەکەوتنە سەما
هێواش هێواش
دەبووینە شەو، دەبووینە خەو
دەبووینە گڕێکی یەکجار گەرم

لەسەر شۆستەی شەقامە رووتەکانی شارە دەمامکدارەکان
لەبرسانا پەنجەی یەکترمان دەکرۆشت
نەرم نەرم
دەتواینەوە
دەبوینە خوێن
بەناو پێست و گۆشت و گیانی یەکتر ئاوا دەبووین
دەبووینە رەنگێکی یەکجار سوور

لەناو تەلبەندی سنوورە خزیوو داتەپیوەکان
لەترسانا خۆم نوقمی ناو چاوت دەکرد
خۆت نوقمی ناو چاوم دەکرد

دەخوساینەوە
دەبووینە دوو جۆگەلە ئاوی باریک
لەسەرە خۆ
بەئەسپایی
دەرژامە ناو کەلێنەکانی رۆخی جەستەت
دەرژایە ناو کەلێنەکانی رۆخی جەستەم

لەناو باخچە بێ رەنگەکان
لەسەر باڵای پەلکە لە هۆشخۆچووەکان
دادەهاتینەوە
وردە وردە
نغرۆ دەبووین
دەرواین، دەبووین بە دوو تاڵەگیا
دەئاڵاینە قەدی تیشک
دەبووینە پەلکە زێڕینە، دەبووینە باران
نم نم
دادەبارین
دەبووینە رەنگێکی یەکجار سەوز
گوڵە رەنگمان لە کەزی درەخت دەدا.

لە کەنار دەریا
لەبەرامبەر چاوی ئاسمان
جلی بەرمان دادەماڵی
شەپۆلە توورەکانیش
گوڵە کەفیان لە جەستەی تینوومان دەدا
تنۆک تنۆک
دادەچۆڕاین
دەبووینە رەنگێکی یەکجار سپی

بەڵێ ئازیز
سالأنێکە سمفۆنیای لەش
سەمای گەرمی چێژ دەگێڕێ
بەلأم دلم
بیرت نەچێ
لە نێوان لێو و برژانگەکانمان
گلکۆی گوڵێکی سووری سەربڕاو
بێ هوودە
سنووری گەنجێتیمان دەکێشێتەوە.

کۆپنهاگن
١٩٨٩

www.arsivakurdi.org

شیعر

# زریکەیەک!

شێرکۆ بێکەس

ئاو.. نەیبردووم.
بوومەلەرزەی قەزاوقەدەر لێی نەداوم.
من خوێن بردوومی خوێن بردوومی خوێن و خوێن.
بەفرم سوورروو
نەوتم سوورروو
هاوارم سوور
بە هاژەی سوور، بە گڤەی سوور
گوێی کەڕی دنیام بەرداوە..
بە برووسکە و بە چەخماخەی ئەم هەموو سەرە بڕڕاوەم
چاوی کوێری ئەم جیهانەم هەڵهێناوە.
ئاو.. نەیبردووم.
بوومەلەرزەی قەزاوقەدەر لێی نەداوم.
- ئەم سەرمای کۆست و ئازارە
پەتوو گەرمی ناکاتەوە.
- ڕەوە ژانی ئەم کێوانەم
لەبەر برسێتی و نان نی‌یە ئەحیلێنن.
«مانگ»ی بیرم
لەژێر چادردا هەڵنایە.
لەژێر ئەودا مێژووم ئەبێ بە ئەسپێکی خەساو.
«سەر»م بە هەورێکی نەزۆک.
- «شارەزوور» لەژێر چادردا
«خاک و خۆڵ» و «نالیی» ئێمەی لە بارئەچێ.
بێ «کۆیە» «حاجی»م دارچۆالەی
هەڵبەستێکە قەت گوڵ ناکا.
بەبێ «کەرکووک» «ئەثیریی»م باڵای دووکەڵی
کوانوویەکی کوژاوەیە.
- هەڵەبجە هەر، لەنێو نیگای هەڵەبجەکەی،
«مەولەوی»دا هەڵەبجەیە!.
هەر بەوەوە
شیعرە و هەنارە و گوارەکەی «عەنبەر خاتوون».
ئاو.. نەیبردووم.
بوومەلەرزەی قەزاوقەدەر لێی نەداوم
من خوێن بردوومی خوێن بردوومی خوێن و خوێن.
ئەی دنیاکەی چاو تێ بڕیو
لە ڕێچکەی زام و کاروانی مەرگی سوورم!
من ئۆقیانووسی خوێنێکم
هەموو جارێ «کوێت»ێکم تیاغەرق ئەبێ و
بۆ ئازادیی هەڵگیرساوم!.

مارتی/ ١٩٩١



www.arsivakurdi.org



دەتوانیٚ چەند ئاگاداری باش و بە کەڵک وەربگریٚ. بۆ وێنە: تۆو چییە؟ دەنکە تۆو چۆن شین دەبیٚ؟ کوولەکەیەک چۆن پەیدا دەبیٚ و لە کوێوە دیٚ؟ شتێکی بۆش و هوڵۆل وەکو کوولەکە چۆن رەسەرئاو دەکەویٚ. ورچ چۆن دەژی و چی دەخوا؟. باڵۆن وەحەوا دەکەویٚ؟ و...... هتد.

*** ئەمیل، میها نیوچە:** ئەم چیرۆکە لە جیاوازی دەدویٚ. جیاوازی نەتەوایەتی. ئەوانەی کە لە نەتەوە و رەگەزی جیاوازن، بۆی هەیە کە بە هۆگەلێکەوە بۆ ماوەیەک لە تەک یەکدا زۆر لەیەک نزیک بن و پێکەوە بژین، بەڵام سەرەنجام شوێنی راستەقینەی ژیانی هەرکەس ئەو شوێنەیە کە هاورەگەزی لێی دەژی. ئەو شوێنەیە کە بە چاوی سووک لێی ناڕوانن. ئەو شوێنەیە کە دەتوانیٚ هەڤاڵی رۆژی تەنگانەی لیٚبگریٚ.

## ئامادە کردن

وێژەریی: زۆربەی چیرۆکەکان لە زمان وێژەرەوە دەگێردرێنەوە، زۆر زیاتر لە کاسێتی یەکەم. هۆی ئەمەش ئاشکرایە کە لەبەر ئەوەیە ئەکتەرەکان زۆربەی زارۆکن. کار لەگەڵ زارۆک بەو ئیمکاناتەوە کە لە هەندەران لەبەردەستمان دایە یەکجار چەوتوونە. جێی خۆشحاڵیە کە راوێژی دڵگری (شاسوار) وەکو وێژەری ئەم چیرۆکانە نەیهێشتووە ئەم کورتیە زۆر لە نرخی کاسێتەکە کەم بکاتەوە.

دیالۆگ و ئەکتەرەکان: دیالۆگی ئەم کاسێتەش وەکو کاسێتی یەکەمە، جوان و رێکوپێک. بەڵام ئەکتەرەکان جیاوازن. زۆربەیان منداڵن. لەبەر ئەوە جار و بار کورتی دێنن. دەرهێنەر ناچارە زۆر لە وێژەریی کەڵک وەربگریٚ. رەخنەی سەرەکی لێرەدا ئەمەیە کە نەدەبوو بە تەواوی تەنیا کەڵک لە زارۆک وەربگیردریٚ. گەورەیەکیش دەتوانیٚ دەوری بەرخێک بگێڕیٚ. ئەوەی گرنگە راوێژە و نەختاڵێک دەنگ گۆڕین. جێی خۆیەتی ئاماژە بە دەورگێڕانی یەکجار جوانی زارۆکێک بکەین کە لە تیاتری (کوندریٚ هەڵەز)دا دەوری (هرچۆ) دەگێڕیٚ.

رەخنەیەکی تر کە بەلامەوە زۆر گرنگە و لەسەر کاسێتی یەکەمیش هەبوو و رامگرت بۆ ئێستا ئەمەیە کە، لە هەردووک کاسێتدا حەیوانەکان هەر بەناو حەیوانن. وێژەر باسی بەرخێک، یان کەروێشکێک دەکا. کاتیٚ هاتە سەر شانۆ جیاوازیەک لە نێوان راوێژی بەرخ و کەروێشکدا نییە. دەبیٚ پێوانەیەک بۆ منداڵ دابندریٚ کە بتوانیٚ بەرخ و کەروێشک، یان فیل و مێروولە لێک بکاتەوە. دەبیٚ منداڵی گوێگر یارمەتی بدریٚ کە بتوانیٚ وێنەیەکی حەیوانەکە لە مێشکیدا بکێشێتەوە، دەنا چیرۆکەکە ئەو کاریگەریەی نابیٚ کە دەرهێنەر چاوەڕوانە. بۆو مەبەستە، ئەو ئەکتەرەی دەوری بەرخ دەگێڕیٚ نەتەنیا دەبیٚ راوێژی تایبەت بە خۆی هەبیٚ، بەلکو دەبیٚ بیپارێزیٚ. هەڵبەت دەرهێنەر لەو مەسەلە خافڵ نەبووە. لە چیرۆکی (شێر و رێوی)دا ئەکتەرەکان لە دەوری شێر و رێڤیدا دەوری خۆیان باش دەگێڕن؛ بەڵام لە چیرۆکەکانی تردا ئەو مەسەلە یان وەپشت گوێ خراوە یان بەرادەی پێویست بە گرنگ نەگیراوە. خۆزگە وەکو بابەتێکی سەرەکی لەبەرچاو بوایە.

ساوند ئیفێکت: لە زۆربەی ئەم کاسێتەدا ساوند ئیفێکت بە رادەی پێویست و رێکوپێک کەڵکی لیٚوەرگیراوە. لە یەک دوو شوێندا، چیرۆکی (ئەمیل، میها نیوچە)، دەرهێنەر تووشی هەڵە بووە. بۆ ئەوە کە دەنگی کۆمەڵە بەرخێک بڵاوبکاتەوە کەڵکی لە دەنگی منداڵان وەرگرتووە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو مەسەلەی کەلەپێش ئەو خاڵە باسمان کرد.

موزیک: لەم کاسێتەدا بەڕادەیەکی کەم کەڵک لە مۆسیقای لاوەکی وەرگیراوە. ئەوی دیکە مۆسیقای خۆماڵی‌یە و تایبەت بۆ ئەم کاسێتەش دروست کراوە، دەگەڵ چەند گۆرانی لە بارەی شانۆکانەوە. ئەمە پلەیەکی پێشکەوتن لە ئاست کاسێتەکەی پێشترەوە، نیشان دەدا.

تۆمارکردن: چۆنایەتی ئەم کاسێتەش هەنگاوێکی تری پێشکەوتنە لە ئاست کاسێتی یەکەمدا. ئەمجارەش ئەو دەرەتانە نەبووە کە هونەرمەندی خاوەن دەوڵەت و پشتیوان هەیەتی، بەڵام بە هۆی هاوکاری بنکەیەکی هونەری سوێدی- کوردی‌یەوە باشتر بووە. کاسێتەکە یەکدەست دەرچووە. لە ئاکامیشدا بە شێوەیەکی رێکوپێک، خاوەن نووسراوە و سەر بەرگ بە وێنەوە دەرچووە.

قسەی دوایی: (شاسوار) بە هۆی چەند ساڵ کاری رادیۆیی‌یەوە، بەتایبەت لە بواری چیرۆکدا، خاوەن ئەزموونێکی باشە. لەگەڵ ئەوەشدا بەو کارانەی نیشانی داوە کە ئەڤینداری کارەکەیەتی؛ ئەگەر دەرەتان و ئیمکاناتی باشتری هەبیٚ، کاری باشتر دەکا. چاوەڕوانی کارەکانی داهاتووی کاک «بارزان شاسوار» ین.

٤/١٠/١٩٩٠ کەنەدا

www.arsivakurd.org

تەرخان کردنی کات بۆ کاری هونەرییەکی لەوەختێکی دیاریکراودا کە تەنیا بۆ شانازی و خزمەت بە کەلەپووری نەتەوەکەمانە، نەک بۆ بەرێچوون.

* تێبینی: لە بابەت دەوری ئەکتەرەکانەوە لە رۆڵی حەیوان‌دا ئیرادێکی گرنگ لەسەر ئەم کاسێتە و کاسێتەکەی تریشە، کە لە شوێنی خۆی‌دا، کاتی باسکردن لەسەر کاسێتی دووهەم، لێی دەدوێین.

ساوند ئیفێکت: ساوند ئیفێکت لە چیرۆکێکی رادیۆیی‌دا خالێکی یەکجار گرنگە دەتوانین بڵێین کە ساوند ئیفێکت لە رادیۆدا کاری وێنە لە تەلەفزیۆن‌دا دەکا. یارمەتی بە گوێگر دەدا کە هەست بکا ئەکتەرەکان چی دەکەن. شوێنی رووداوی بەسەرهات کوێ و چ کاتە. لەوانە دەنگی پێ، راکردن، شکانی دارێک، شووشەیەک، دەنگی با، گرماندنی هەور، چریکەی مەل و...... هتد.

شاسوار زۆر بە رێکوپێکی ئەم بابەتەی لەبەرچاو گرتووە. بە تایبەت ئەگەر بزانین بۆ یەکێکی بێ ئارشیف و بێ دەرەتانی ئیزگەیەکی رادیۆیی یان بنکەیەکی دەنگ، ئامادەکردنی ئەم هەموو دەنگانە چۆن دەگونجێ، ئەوکات دەزانین کە کاری دەرهێنەر چەند بە نرخە.

موزیک: مۆسیقا یەکدەست نییە. تێکەڵاوێکە لە مۆسیقای لاوەکی و خۆماڵی. ئەوەی بەلای من و وابزانم هەموو گوێگرێکەوە گرنگە، شێوەی کەلک وەرگرتن لە موزیکە. شاسراو لەمەش‌دا سەرکەوتووە و مۆسیقا راسپاردەی نیوەرۆکی رووداوەکانە و لێیان دەوەشێتەوە. لەچەند شوێنێک دەکرا زۆرتر لە مۆسیقا کەلک وەربگیردرێ، کە لەم حاڵەدا وێژەریی کەمتر دەبۆوە کە پێشتر باسی درێژبوونی زیاتر لە رادەی پێویستی ئەم خاڵەمان کرد. بۆ نموونە لە چیرۆکی (شەنگەلۆک و مەنگەلۆک) دا، کاتێ بزن کارژیلەکان بەجێ دێڵێ، بێ ئەوەی کە موزیک بێتە گۆڕێ، وێژەر وەقسە دێ و هەر دوا بە دوای ئەوەیش دێتەوە سەر بەسەرهات. وێژەریش هەر ئەو شتە دەڵێ کە پاش خۆی لە زمان ئەکتەرەکانەوە دەگێڕدرێتەوە. لەو حاڵەدا ئەو دڵەکوتە و چاوەڕێ بوونەی کە دەبێ بدرێ بە بینەر، نامێنێ. لەو شوێنەدا کە باسمان کرد، دەکرا هەر پاش رۆیشتنی بزن، کورتە مۆسیقایەک هەبوایە، پاشان بەبێ قسەی وێژەر، هاتبایە سەر شانۆکە، کە گورگ لە دەرگای کارژیلەکان دەدا. بەم جۆرە ئەو منداڵەی گوێ لە چیرۆکەکە ئەگرێ زیاتر ورد دەبێتەوە. زیاتر مێشکی وەکار دەخا تاکو بزانێ ئەمە چ حەیوانێکە لە دەرگای کارژیلەکان دەدا و مەبەستی چییە. بۆ ئەوە کە بە گوێگر بگوترێ ئەمە گورگە. دەبێ پاش ئەوە کە گورگ کارژیلەکانی خوارد، گوێگر لەلایەن وێژەرەوە ئاگادار بکرێ کە شک و بۆچوونی گوێگر چۆن بووە. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی کە دەرهێنەرێکی شانۆی رادیۆیی وەکوو دەرهێنەری فیلمێکی سینەمایی دەبێ لەبەر چاوی بێ ئەمەیە: رازدارکردنی بەسەرهات.

تۆمارکردن: بۆ تۆمارکردنی ئەم کاسێتە ئۆستودیۆ و ئارشیف و کەبکە بە و دەبدەبەی تر وەکو دەزگای تۆمارکردنی پێشکەوتوو لە گۆڕێ‌دا نەبووە. هەمووی ئیستریۆکی ئاسایی بووە دەگەڵ هۆدەی ماڵێک و چەند کاسێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە بۆمان دەردەکەوێ کە (شاسوار) لە کارەکەی‌دا شارەزایە و سەرکەوتووە.

# کاسێتی دووهەم

**ماوە: ٦٠ (شێست) دەقیقە.**

**دەرهێنەر و ئامادەکار: بارزان شاسوار**

**ئاواز و مۆسیقا: سمکۆ دەری**

**هەڵبەست: جیهات دیار**

**بڵاوکردنەوە: وەشانخانا چاندا کوردی**

ئەم کاسێتە لە دوو شانۆ پێکهاتووە کە هەردووک بە زاراوەی کرمانجی ژووروون. چیرۆکەکان لە بنەڕەت‌دا سوێدین و تام و چێژی کوردیان پێ دراوە.

بەر لەوە کە بچینە سەر هەڵسەنگاندنی ئەم کاسێتە، پێویست بە گوتنە کە ئەمجار هەوڵ ئەدەین باسەکەمان بەپێی رەخساو کورت تر بێ و تووشی دووپاتەکردنەوەی باسەکانی کاسێتی یەکەم نەبین.

## کورتەی چیرۆکەکان:

❁ کوندرێ هەلەز: دوو ورچ بە ناوەکانی (هرچۆ) و (هرچک) بە یەکەوە زۆر هەڤاڵن. رۆژێک دەنکە تۆوێک دەدۆزنەوە و دەیچێنین. دەنکە تۆو شین دەبێ و بڕکە داوێ. پاش ماوەیەک کوولەکەیەکی یەکجار گەورەی پێوە دەبێ. (هرچۆ) و (هرچک) ناوەکەی دەکۆڵن و پەنجەرە و دەرگای تێدەگرن و دەیکەنە ماڵی خۆیان. رۆژێک باران دەبارێ. کاتێ ورچەکان وەخەبەر دێن دەبینن کە رەسەر ئاوکەوتوون. لەسەر ئاو هەنگوین و شتی تریان بۆ خواردن دەس ناکەوێ. ناچار دەس دەکەن بە ماسی خواردن. ئەمجار بە خۆیان دەڵێن: ورچی ئاوێ. زستان دادێ. رۆژێک لەسەرمان ئاگر دەکەنەوە. ناوی کوولەکە. بە گەرما و هەڵم و دووکەڵ تژی دەبێ و وەکو باڵۆنێک وەحەوا دەکەوێ. ئەمجار (هرچۆ) و (هرچک) دەبن بە ورچی حەوایی.

❁ ئەمیل، میهانیڤچە: مەڕێک بەرخێکی دەبێ بە ناوی (ئەمیل). ئەمیل وەکو بەرخەکانی دیکە ناچێ. نیوەی رەشە و نیوەی سپی. سەبارەت بەوە بەرخەل وەخۆی ناکا. رۆژێک لەبەر پەرۆش سەری خۆی هەڵدەگرێ. تووشی گورگێک دەبێ. گورگ لێی دەترسێ و رادەکا. (ئەمیل) دەگەڕێتەوە لای بەرخەکان و پێیان دەڵێ: «من گورگ ترساند»، بەڵام بڕوای پێ ناکەن. دیسان سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا. ئەمجار تووشی گورگێکی هار دەبێ، (ئەمیل) بەرەنگاری دەبێ و دەیبەزێنێ.

بەرخەکانی تر بەم ئازایەتیەی (ئەمیل) دەزانن و داوای لێدەکەن کە هەڤاڵەتیان بکا، بەڵام ئەو پێیان دەڵێ: «نا. ئەز ئیدی وەرناگەرێم با وە. وە دە رۆژێ تەنگانی‌دا ئەز نەکرن هەڤاڵی خووە، نها من دکن هەڤاڵی خووە. ئەز نایەم ئیدی، ئەز دچم سەر رێیا خووە.»

ئەمیل پاشان مێگەلێک دەدۆزێتەوە چەشنی خۆی و دەگەڵیان دەکەوێ. بەم جۆرە ژیانێکی خۆش دەست پێدەکا.

## نێوەرۆک:

* کوندرێ هەلەز: ئەمە بە گشتی چیرۆکێکی زانستی‌یە. منداڵ



www.arsivakurdi.org

بە حەیوانەکانی ترم گوتبا و هەموو یەکمان گرتبا و بەرەنگارت بوایەین، ئاوامان بەسەر نەدەهات. ئەوە تاوانی خۆمە.

✿ کەروێشک و کیسەڵ: کەروێشک دەیەوێ یاری بە کیسەڵێک بکا.

کیسەڵ تووڕە دەبێ و داوا لە کەروێشک دەکا کە گرێوی ڕاکردنی دەگەڵ بکا. کەروێشک سەری سوڕ دەمێنێ و هێندەی تر گاڵتەی پێدەکا. قەل و ڕێوی دەگەنێ و دەبن بە قازی و داوەر. فەرمانی ڕاکردن دەدەن. کەروێشک کە هەر گاڵتەی پێ دێ، سەرێک ڕادەکا، پاشان بە ئارخەیانی ڕادەکشێ و خەو دەیباتەوە. کیسەڵیش هێدی هێدی، بەڵام بەبێ حەسانەوە و ڕاوەستان دەڕوا. کاتێ کەروێشک وەخەبەر دێ، تازە زۆر درەنگ دەبێ و کیسەڵ بەر لەو دەگاتە جێ و گرێوەکە دەباتەوە. ئەمجارە ڕێوی بە کەروێشک دەڵێ: «تۆ هەر قسەی زەلامت هەیە. تەنبەڵی و حەزت لە خەوە، بۆیە ئاوات بەسەر هات».

✿ فیل و شارەمێروو: شارە مێروولەیەک لە هێمنیدا دەژین. ڕۆژێک فیلێک خەریک دەبێ کە بەسەر ئەو شارەمێرووەیەدا بڕوا. مێروولەکان چەند ڕاسپاردە دەنێرن تاکو فیل ئەو کارە نەکا. فیل هەموو جارێ ڕاسپاردەکان دەکوژێ. مێروولەکان ئەمجار تەما دەگرن کە بە شەڕ کردن پارێزگاری لە شارەکەیان بکەن. لە شەڕێکدا چۆک بە فیل دا دەدەن. فیل تۆ بە دەکا. هەرچەند لەناو مێروولەکانەوە دەنگ و هاوار دێ کە:« نایبوورین، لیی خۆش نابین». بەڵام سەرۆکی مێروولەکان دەیبەخشێ. فیل تازە قەت بەوێنندەرێدا ناچێتەوە. مێروولەکانیش لە ئاشتی و خۆشیدا ژیان تێپەڕ دەکەن.

## نێوەرۆک

لەم چوار چیرۆکەدا، دوو چیرۆکی کرمانجی ژووروو، دوو فکرەی زۆر باو دەخەنە ڕوو. ئەو فکرانە لە قسەی پێشینانەدا بەم جۆرە ڕەنگ دەدەنەوە:

* شەنگەلۆک و مەنگەلۆک:«حەق بە حەقدار دەگاتەوە».

هەڵبەت لەم چیرۆکەدا منداڵ ئەوەش وەردەگرێ کە، دەبێ پەند و قسەی دایکی لە گوێ بگرێ.

* شێر و ڕێوی:« هەر چەندی بکەی بێگانە پەرستی، ئاخرێکەی هەر دێنی نوشوستی».

دوو چیرۆکی کرمانجی خواروو کە بەش بە حاڵی خۆم پێشتر نەمبیستوون، فکری تازەتریان تێدایە و واوێ دەچێ بەرهەمی فکری ئەمڕۆ بن.

* کەروێشک و کیسەڵ: قسە تەنیا مەرج نییە، کردەوە شەرتە. بە لەز بوون و پەلەکردن نیشانەی بە گەیشتنی ئامانج نییە، بەڵکو بەردەوام و شێلگیر بوون لەسەر تەما و بڕوا هەتاکو سەر، مەرجی یەکەمە. بەم چیرۆکە پیاو ئەو قسە دەوڵەمەندەی پێشینانیش وەبیر دێتەوە:«قسە فەقیرە، هەموو کەس پێی دەوێرێ».

* فیل و شارەمێروو: باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکی، ڕێگای هێمنانە و وتووێژە، بەڵام ئەوە ڕێگا نییە. پێشینیان گوتەنی:«شەڕ کە ق ...... لە دەرگا نا، دەبێ گۆپاڵی بۆ هەڵگری».

لە ئاکامی ئەو چیرۆکەشدا، کە چاوپۆشی لە زاڵم دەکرێ (بەومەرجە کە ئیتر دەستدرێژی نەکاتەوە) بە پێچەوانەی ئەم وتەی پێشینان کە دەڵێ:« تۆبەی گورگ مەرگە». هەردووک چیرۆکی کرمانجی خواروو هەڵگری چەند پەیامێکن کە لک و بۆیان زۆر لێ دەبێتەوە؛ لەبەر ئەوە تێگەیشتن لەم دوو تیاترە بە تەواوی لەلایەن زارۆکەوە نەتەنیا ئاسان نییە، بەڵکو ئەستەمە.

# ئامادەکردن

* وێژەریی و وێژەر
* دیالۆگ و ئەکتەرەکان
* ساوند ئیفێکت
* مۆزیک
* تۆمار کردن

**وێژەریی:** لە دوو چیرۆکی کرمانجی ژووروودا، یەک دوو شوێن نەبێ، بە چێتر کەڵک لە وێژەر وەرگیراوە. (باروزان شاسوار) کە بۆخۆی وێژەری ئەو دوو چیرۆکەیە، لە ئەوپەری شارەزایی‌دا، بە ڕاوێژێکی شیرین و دڵگر بۆ زارۆکان ئەدوێ؛ بە جۆرێک کە ئەگەر وێژەری لەمە زیندەتریش بوایە، گوێگر لیی وەڕەز نەدەبوو.

لە دوو چیرۆکی سۆرانی‌دا، زۆربەی شانۆ لە زمان وێژەرەوە دەگێردرێتەوە، کە ئەوە ئیرادە. بەگشتی گوێگر حەز لە وێژەر ناکا (لەهەموو چیرۆکێکی ڕادیۆیی‌دا). گێڕانەوەی بەسەرهات لە زمان ئەکتەرەکانەوە سەرنج ڕاکێش ترە. سەرەڕای ئەمە، وێژەریش لە کاری خۆیدا ناشارەزایە. نەتەنیا وێژەر دەبێ وەکو ئەکتەر دەور بگێڕێ و هونەر بنوێنێ، بەڵکو دەبێ ئەمەش بزانێ کە بۆکێ داخوێ. وێژەر لەم دوو چیرۆکەدا بە داخەوە لەوە دەچێ کە وتارێکی وشک بۆ مامۆستاکەی لە قوتابخانەدا بخوێنێتەوە، نەک چیرۆک بۆ زارۆکان بگێڕێتەوە.

**دیالۆگ و ئەکتەرەکان:** دیالۆگ لە هەموو چیرۆکەکاندا بە زمانێکی سانا و منداڵانەیە.

لە دوو چیرۆکی کرمانجی ژووروودا بەرادەی پێویست و بەجێیە. تەنیا لە چیرۆکی (شەنگەلۆک و مەنگەلۆک)دا یەکێک لە زارۆکەکان کە زۆر کەم تەمەنە، هەر قسەکانی زارۆکەکەی دیکە دووپات دەکاتەوە. گۆڕینی دیالۆگی ئەم منالەش وێ ناچێ هێندە ئەستەم بووبێ و خۆزگە کرابا، ئەکتەرەکان لەم دوو چیرۆکەدا زۆر کەم واهەیە کورتی بێنن. دەرهێنەر بۆ خۆی بە کرمانجی ژووروو داخوێ. لەبەر ئەوە توانیویەتی زۆرتر کار دەگەڵ ئەکتەرەکان بکا و بەرهەمێکی جوان و ڕێکوپێک بە دەستەوە بدا.

جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ئەکتەرەکانی دوو چیرۆکی سۆرانی و، دوو چیرۆکەکەی ترا خۆ دەنوێنێ. زۆربەی ئەکتەرەکانی دوو چیرۆکە سۆرانیەکە تازەکارن. سەرەڕای ئەمەش وێ ناچێ کە بەر لە تۆمار کردن، دەوری پێویستیان کردبێتەوە خۆیان تەیار کردبێ.

وابزانم هۆیەکەشی بگەڕێتەوە سەر گیروگرفتی ژیانی هەندەران. وەکو لەیەکدی دوور بوون، چەتوون بوونی کۆبوونەوە پێکەوە و

www.arsivakurdi.org

# تیاتری رادیۆیی بۆ زارۆکان

ج. شێخولیسلامی (ئاشتی)

له ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، دوو کاسێتی یەک ساعەتەی شانۆی رادیۆیی بۆ زارۆکان (دەرهێنانی بارزان شاسوار) بڵاو بوونەتەوە. سەبارەت بەوە کە ئەم کارەش وەکو زۆرێک لە بوارەکانی دیکەی هونەری کوردی، کاڵە و لە قۆناخەکانی سەرەتایی خۆی دایە، بایەخدان و سەرەنج دان بەو کارە ئەرکی هەموو خەڵک و بەر لە هەموویان ئەو کەسانەیە کە لەو بوارەدا زانست و ئەزموونێک شک دەبەن. لەو ڕوانگەوە و، بە یارمەتی نەختاڵە ئەزموونێک لەو بوارەدا، ئەو کاسێتانە هەڵدەسەنگێنم.

## کاسێتی یەکەم

ماوە: ٦٠ (شێست) دەقیقە

بڵاوکردنەوەی: کۆمەڵەی کولتووری کورد لە ÖREBRO– سوێد

دەرهێنان و ئامادەکردن:

بارزان شاسوار

بە هاوکاری

سۆران خدر خەیات

ئەم کاسێتە لە چوار چیرۆک پێکهاتووە:

*١- شەنگەلۆک و مەنگەلۆک*

*٢- شێر و رێڤی*

*٣- کەروێشک و کیسەڵ*

*٤- فیل و شارەمێروو*

دوو چیرۆکی ژمارە ١و٣ بە زاراوەی کرمانجی ژووروون، دووەکانی تریش، کرمانجی خواروو (سۆران).

## کورتە چیرۆکەکان:

✿ شەنگەلۆک و مەنگەلۆک: بزنێک دوو کارژیلەی دەبێ بە ناوەکانی شەنگەلۆک و مەنگەلۆک. رۆژێک بە خۆی و کاریلەکانییەوە لە ران هەڵدەبڕێ و لە ئەشکەوتێک دەگیرسێتەوە. بزنە دەڕوا کە خواردەمەنی بۆ کارژیلەکانی بێنێ. گورگ پێدەزانێ و هەردووکیان دەخوا.

کاتێ بزن دەزانێ کە ئەوە کاری گورگ بووە، شکایەت دەباتە لای قازی. قازی کە مام رێوییە، بە بزنە دەڵێ:« بچۆ لای وەستا تاکو شاخەکانت بۆ تیژ بکا». گورگەکەش بەولادا دەچێتە لای قازی و دەیترسێنێ، تاکو لایەنگری لە بزن نەکا. قازی ئەویش دەنێرێتە لای وەستا هەتا ددانەکانی بۆ تیژ بکا. بەڵام لەو لاشەوە بە وەستا دەڵێ: ئەگەر گورگ هات، هەموو ددانەکانی بکێشە. رۆژی موحاکەمە، بڕیار دەدرێ کە گورگ و بزن بەشەر بێن و مافی خۆیان یەکلا بکەن. بزن لەو شەڕەدا زگی گورگ دەدڕێ و شەنگەلۆک و مەنگەلۆک بە ساغی و سلامەتی دێنە دەرێ و بە دایکیان شاد دەبنەوە.

✿ شێر و رێوی: شێرێکی برسی رێی دەکەوێتە دارستانێک. یەکەم حەیوانی کە وەگیری دەکەوێ، رێوی دەبێ. رێوی دەڵێ: من مەخۆ، چونکە من هەموو ئەم دارستانە بەڵەدم، دەتوانم نێوچیری زۆر باشترت بۆ پەیدا بکەم. شێر دەڵێ: باشە. هەر کاتیش من تێر بووم تۆ بە فێڵبازی هەموو حەیوانەکانی دارستان یەک بە دوای یەکدا، دەخاتە دوای شێر و بە خواردنیان دەدا. هەتا ئیتر حەیوان نامێنێ. ئەمجار رۆژێک شێر برسی دەبێ و رێوی دەخوا. بەر لە خواردن رێوی دەڵێ: دەستخۆش شێر. حەقی خۆتە من بخۆی. ئەگەر رۆژێ هەوڵ



www.arsivakurdi.org

Maurice Imberto
Les Debats: 27, Mai 1935 «رۆژنامە»

... کچە بەگزادەی کورد، لەیلا بەدرخان، لەو ئاهەنگەدا، چەند سەمایەکی تایبەتی لەبەردڵ و قەشەنگی نەتەوەییانەی سەر بە رۆژهەڵاتی ناوەراستی پێشکەش کردین.

سیحرە شەخسی ، نەتەوەییەکەی ئەم کچە هونەرەکەی، لە داب و نەریتێکی پر لە بزاوتەوە، لە کانگای ژیان- خزیەوە هەڵقوڵابوون؛ هاوکات لەگەڵ مۆزسیقایەکی رەسەن و هاوشانی خۆی، کە M.N ئامادەی کردبوو، بە شێوەیەکی زۆر ئۆرکستراکەدا دەگێرا.

J. Baudry
Guide Musical: Juin, 1935 «گۆڤار»

... ئەمە بینینێکی هونەریی دانسقەیە، بەراستی، کە ئەم کچە سەماکەرە کوردە، لەیلا بەدرخان، پێشکەشمانی دەکا!

... وێرای هەموو ئەمانە، شتێکی دیکەش لەلای لەیلا بەدرخاندا هەیە، کە نرخێکی تایبەتی بۆ دادەنرێ: خەسڵەتی سروشتییانەی قەد و باڵای جوان و رەسەنی، کە جوولانەوە نەرم و وێنانەکانی، پێکهاتی چەماوەییانەی ئەوتۆ سازدەکەن کە هەتا بڵێی ئەشناوی و لەززەتبەخشن؛ هەمیشەش لەگەڵ ئەو رێتم و ئاوازە جۆراوجۆرانەی کە لە مۆزسیقای فۆلکلۆریی سەر زەمینی ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێن، هاوئاهەنگ دەبنەوە.

... بۆ نموونە، ئێمە دەزانین، کە یەکەیەکەی جوولانەوەکانی ئەو سەمایەی کە ناوی *Hyêroglyphe* بوو، لە ئەنجامی تێخوێندنەوەیەکی قووڵی پشت بەستراو بە کۆمەڵێک دۆکیومێنت داهێندرابوون. لەیلا بەدرخان و هاوکارەکەی، دوو ساڵی رەبەقیان پێچوو تا توانیویانە ئەم دیمەنە مۆزسیقاییە داهێنن. ئەمەش بۆ ئەوان کارێکی زۆر سروشتی و ئاساییە.

L. Humbert
Le Monde Musical: Mai, 1935 «گۆڤارە»



Née aux bords fabuleux d'un Orient lointain,
Fille de Salomé, sœur de Shéhérazade,
Elle est venue à nous, sultane de parade,
Étoile vagabonde au gré de son Destin.

Vibrant éperdument aux sons des flûtes grêles,
Ou prêtresse figée aux poses hiératiques
Elle dévoile aux plis de ses lâches tuniques
Un corps marmoréen que moula Praxitèle.

Créature de chair ou princesse de rêve?
Elle danse. Un accord éclate et puis s'achève.
Romance du désert ou Phrase rituelle.

Incarnant Baladi et Balkis tour à tour,
Elle évoque à nos yeux la Beauté éternelle,
Au dessus du Désir, au dessus de l'Amour.

Professeur R. Fath
(dans la Gazette de Lausanne)

**Leila BEDERKHAN**
La Danseuse Kurde
Dans ses Danses d'Orient
Populaires et Stylisées

وێنەی ژمارە (٧). ئەفیشێکی دیکەی پڕۆپاگاندەی ئاهەنگەکانی کە شاعیرێکی فەرەنسی، پرۆفیسۆر (ر. فات) شیعرێکی پێشکەش کردووە.

## ژێدەر


١- کۆد وژمارەی ئەم ئارشیفە ئەمەیە: (Mel.8. 917 - 22-) لە کتێبخانەی «Bibhothêque Interuniversitaire des Langues Orientales».

٢- هەمان ئارشیف. ژمارە بۆ لاپەرەکانی دانەنراوە. بروانە لاپەرەی «پێشەکییەکە»، بەختی درشت نووسراوە.

٣- بۆ ژیاننامە و خەباتی رووناکبیرانەی (عەبدولرزاق بەدرخان) بروانە (جلیلی جلیل: نهضه الاکراد الثقافیه والقومیه، ترجمه باڤي نازی، د. ولاتو، کلدر، الطبعه الاولى: ١٩٨٤، ص٦٥-٨٨).

٤- بەپێی قسەی کاک (محەمەد ئۆزوون): تاکو ئەم سێ- چوار ساڵەی دواییش، هەر لە پاریس ژیاوە و لە ژیاندا بووە.

٥- هەمان ئارشیف، پێشەکییەکە؛ هەروەها ئەو گۆڤار و رۆژنامە فەرەنسییانەی لەم وتارەدا ناومان بردوون و پشتمان پێی بەستوون.

٦- بۆ هەر زانیاری و قسەیەکی لێرەدا نووسیبێتمان، پشتمان بە ئەرشیفەکە- خۆی بەستووە.

٧- Francois- Renê Tranchefort:
Les instruments de Muique dans le monde
«ئامێرە مۆزسیقاییەکان لە جیهاندا»
بروانە لاپەرە (١٦٠)، (١٥٩)، (١٠٠). Volume (1), Edition du seuil, paris: 1980, P. 159, 160, 100.

٨- ئەو گۆڤار و رۆژنامە کۆنانەم، هەندێکیان لە ئارشیفخانەی (ژۆرژ پۆمپیدۆ)، هەندێکی تریشم لە ئارشیفخانەی (ڤێنسای- کە تایبەتە بۆ تەنیا رۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان) پەیداکردن. ئەم ژمارە دیاریکراوانەی ئەو بڵاوکراوانە، پڕن لە وێنەی جۆراوجۆری خاتوو بەدرخان، بەڵام بەداخەوە فۆتۆکۆپی کردنیان ئەستەم بوو.





www.arsivakurdi.org

## چەند نموونەیەکی ئەو نووسراوانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارە فەرەنسییەکاندا بلاْوکراونەتەوە[٨] لە بارەی ئاهەنگەکەی (لەیلا بەدرخان): لە رۆژی ۱۹۳۵/۵/۲دا

.

لەیلا بەدرخان، کچە بەگزادەی کورد، بە سیحر و بەهای بەرزی سەماکانی، ئەمرۆ لەلایەن جەماوەرێکی فراوانی ئەورووپییەوە ناسراوە. ئەم کچە سەماکەرە، کچی میر عبدولرەزاق بەدرخانە، هەر لە منداڵییەوە بەخت یاریدەی داوە کە خولیای لێکۆڵینەوە لە داب و نەریتە دێرینەکانی خۆیانی بکەوێتە سەر، بە هەمان شێوەش رووبکاتە هونەری سەماکردن و خۆی تێدا قالْ بکاتەوە.

هونەری سەماکردن لە رۆژگاری دێریندا لەلای ئەواندا رەگ و ریشەیەکی پیرۆز و کۆنی هەبووە، بەلاْم ئەمرۆ تێکەڵ بە داب و نەریت و ژیانی رۆژانەی هەموو خەڵکەکە بووە، بەشێکە لە بەشەکانی کەلەپووری نەتەوایەتییان.

...... لەیلا بەدرخان، بە سەما دڵرفێنەکانی خۆیەوە، سەرکەوتنێکی دانسقەی وەدەست هێنا: لە پاریس، لە بەلژیکا، لە هۆلەندا، لە ئیسپانیا، لە سویسرا، لە ئەمریکا، هتد... وەرزی رابردوو، لە ڤیزدیڤالی سالزبوورک پێمان کرا بە دیمانەی شاد ببین، هەروەها بەم دواییەش، لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیی (سکالا دی میلان- La Scala Milan) رێکەوتبوو بۆ ئەوەی رۆڵی بنچینەیی ببینێت لە بالیەی رۆژهەلاْتییانەی Respighi بە ناونیشانی (بەلْقیس، شاژنی سەبا- BALKIS,REINE DE SABA).

... ئێمە باسی هەموو سیحر و دڵرفێنییەکمان کرد کە لە پێکهاتی هونەریی ئەم کچە هونەرمەندەوە چەکەرە دەکا، ئەو کچە هونەرمەندەی، کە جوانی تام و بۆی سەماکانی، ئۆبهەت و سیحری رۆژهەلاْتی دێرینت لەلا زندوو دەکاتەوە. لەیلا بەدرخان، کە لە لێهاتوویی‌دا خاوەن دەستاوەردێکی یەکجار فراوانە، بەهرەی خۆی لەچەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆرەوە هەڵێنجاندووە: کەلەپووری میسری، میناتۆری فارسی، سەمای دینداری Rituelle یا سەما فۆلکلۆرییە رۆژهەلاْتییەکان.

ئەو کچە، لە لێهاتوویی خۆی، شەخسیەتێکی ئەفسانەییت لەبەرچاو زندوو دەکاتەوە، وێرای شکۆمەندییەکی پڕ لە ویقار، کە ئەمە لەلای ئەودا، دەتوانێ بڵێی کە شتێکی زگماکە.

### Georges Mussy
### Le Figaro: 1 Juin 1935 رۆژنامە

*... بەژن و بالاْ جوان، لەش ئاهەنگاوی، کە بە هیچ شێوەیەکیش لە ئاریستۆکراتیەت بەدەر نییە؛ کچە سەماکەری کورد، لەیلا بەدرخان، لە هۆڵی بنکەی مارسیلان بێرتولۆت Marcelin Berthelot ئێمەی بەرەو هیندستان، بەرەو ولاْتی فارس، بەرەو میسر گەراندەوە. قەد و بالاْی، لەهەر چاوترووکانێک‌دا پێکهاتێکی ئارشیتیکتوورییانەی تابڵێی مەبەستاویی Expressive بە دەستەوە دەدا، بازووەکانی، لە نەرمی‌دا وەکو مار وابوون لە خزین‌دا، ئادگاریشی بە تەواوەتی وەکو شیعر، بە ئاخێزێک دڵیان دەرفاند. جلوبەرگێکی یەکجار قەشەنگ قەد و بالاْی داپۆشیبوو.*

### Carol Berardo
### Echo de Paris: Mai «گۆڤار»

*... کچە سەماکەری بەگزادەی کوردو لەیلا بەدرخان، پرۆگرامێکی رەنگاورەنگ و هەتا بڵێی زندووی پێشکەش بە ئێمە کرد. شەپۆلە نەرم نیانەکانیم زۆر بە دڵ بوو. هەموو ئەندامێکی لەشی، لەگەڵ هەر ترپەیەکی ئاوازی مۆسیقاکە دەلەرایەوە. ئەم هونەرە لەلایەن ئەوەوە لە ئەنجامی تێخۆزێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی قووڵەوە ئامادەکرابوو، کە فۆلکلۆر تێیدا بووە شێوازێکی هاوچاخان، بەبێ ئەوەی شێلوو بکرێت.*

### Pierre Wolf
### La Liberte: Mai 1935 گۆڤار

*... سالۆنێکی رازاوەی پڕ لە جەماوەرێکی بە باق و بریق، پێشوازی لە لەیلا بەدرخان دەکا.*

*... هونەری ئەم کچە، کە سەرچاوەکانی لە رۆژهەلاْتەوە، هەڵدەقوڵێ، لە پەیوەندی‌کردنی بە ژیانی رۆژئاواییەوە، بەرهەمێکی پاڵێوراوی تازەی بە دەستەوەدا؛ بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک بۆ و بەرامەی تەڵزماویی داب و نەریتە پیرۆزەکانی رۆژهەلاْت بدۆرێنێ.*

*... مۆسیقاکەی م. ناگژیار M. NAGGIAR واتایەکی شکۆمەندانەی بە رەنگە هارمۆنییە رۆژهەلاْتییەکان بەخشیبوو، هەروەها بە جلوبەرگی کەشخەی ئەو کچە هونەرمەندە جوانە. هاوکارییەتی دیکۆرسازانەی رۆح لە نێوان مۆسیقا و دیدە هونەرییە سازگار و تایبەتییەکەی هونەرمەندا هەبوو.*

### La Semaine a Paris: 7 juin «رۆژنامە»

*کچە بەگزادەی کورد- خاتوو بەدرخان، کچی میر عەبدولرەزاق بەدرخان، لەسەر شانۆی M-B بە درێژایی شەو، چەند سەمایەکی دڵرەفێنی پێشکەش کردین: بەرامبەر جەماوەرێکی سەرپژاردە، کە چەند شەخسیەتێکی عەرەبی ناوداریشیان تێدا بوو.*

*... ئەم کچە هونەرمەندە، کە ماوەیەک لەمەوبەر، لە بنکەی La scata de Milam رۆڵی یەکەمی لە بالیەی M.Rدا بە ناونیشانی (بەلْقیس، شاژنی سەبا)دا گێرابوو، جوانییەکی پەیکەر نومای هەیە. جوانیی هەیبەت و ئادگاری، مەگەر تەنیا لە جولانەوە هاوئاهەنگەکانی‌دا هاوتای هەبێ. شێوازی سەماکردنی، سەرچاوەی خۆی لە سەما میمۆلۆژیکە Mimologique دێرینەکانەوە وەرگرتووە، ئەو جۆرە سەمایەی کە بە درێژایی چەندین سەدە لە ولاْتەکەیان‌دا باو بووە.*

*ئاسەواری چەندین کاریگەرێتیی جۆراوجۆر و یەکانگیر بەسەر سەماکانییەوە دیاربوون: کاریگەرێتیی سەمای هیندی، لەلایەکی ترەوە فارس، هەروەها جگە لەمانەش تورکی. خاتوو بەدرخان هەموو ئەمانەی لەبەر یەکتر رانابوون؛ نواندنە رۆژهەلاْتییەکانی پێشکەشی کردین، بریتی بوون لە چەند ئیماژێکی پڕ لە بزاوتی ئەوتۆ کە سەما فۆلکلۆرییەکە لە رێگای ئەو نواندنانەوە گەیشتبووە ئاستی دەربڕینێکی رۆحی...... وهونەری ئەم کچە، تام و بۆیەکی تایبەت و ناوچەییانەی زۆر دیاری هەیە.*



www.arsivakurdi.org

بە فەرەنسی نووسراوە. (لەیلا بەدرخان، کچە سەماکەری کورد لە سەما رۆژهەلاٌتییە فۆلکلۆری و هاوچەرخەکانی‌دا). ئۆرکستراکە لەژێر بەرێوەبردنی خۆی‌دا بووە، مۆسیقاژەن: مۆریس ناگژیار Maurice Naggiar، پیانۆژەن: ئیرێن ئایەتۆف Irên Aitoff.

ئەم ئاهەنگە لە هۆلێکی گەورە و بەناوبانگی شاری پاریس‌دا بەناوی (رامۆ) GRANDE SALLE RAMEAU سازکراوە. بلیٌتی ئەم ئاهەنگە: (٣٠) و (٢٥) و (٢٠) و (١٥) و (١٠) فرەنک بووە، لە چوار مەلٌبەندی هونەری و مۆسیقایی شاری پاریس‌دا فرۆشراوە. وێنەی سەر ئەفیشەکە بەکامێرای ستۆدیۆی (Iris) گیراوە.

## ٣- ئاهەنگێکی فراوانی مۆسیقای رۆژهەلاٌتی

بە داخەوە بۆمان ساغ نەکرایەوە داخوا ئەم ئاهەنگەی لە چ کات و رۆژێک‌دا سازکردووە. بەلاٌم بەپێی ئەفیشێک کە لەبەردەستمانە، دەردەکەوێ، کە ئەم ئاهەنگەشی هەر لە هەمان شوێن‌دا و لەگەلٌ هەمان گروپی مۆسیقاییەکەی پێشوودا سازکردووە.

ئەفیشی ئەم ئاهەنگە، لە ئەفیشی ئاهەنگەکەی پێشوو زۆر گەورەترە(بڕوانە وێنەی ژمارە ٣) بە فەرەنسی لەسەری نووسراوە (مێهرەجانی سەما رۆژهەلاٌتییەکان. لەلایەن لەیلا بەدرخانەوە). پرۆگرامی ئاهەنگەکە، دوو بەش بووە، کە بە هەمووی لە یازدە دیمەنە سەمای جۆراوجۆر پێکهاتووە: خۆڕازاندنەوەی ڕەزا (میناتۆری فارس)، خالٌکوویی فارس، دیلان (سەمای کوردی)، نیگای هیندی، هێرۆگلیف، سەمای دروزی، مار، گۆرانیی بووکگواستنەوە، ئاوازی دینداری، بەلقیس شاژنی سەبا، بالاد. ئۆرکسترای ئەم ئاهەنگەش هەر لەژێر بەرێوەبردنی خۆی‌دا بووە.

بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە؛ لەیلا بەدرخان، وەختێ کە ئەم ئاهەنگە کوردییانەی لە پایتەختی ولاٌتە ئەورووپییەکاندا ئامادە و پێشکەش کردووە، واتە لە سالٌی ١٩٣٥دا: مۆسیقا و سەمای کوردی لە ناوەوەی ولاٌت‌دا (لە کوردستان‌دا) هێشتا بە هیچ شێوەیەک بەو شێوە تازە و فراوان و هاوچاخەی خۆی لە دایک نەبیوو. بۆیە لەیلا بەدرخان، بە یەکێک لە یەکەمین ئەو ئافرەتە هونەرمەندە کوردانە لە قەلٌەم دەدرێت کە هەولٌیان داوە بۆ بنیاتنان و بووژاندنەوە و بلاٌوکردنەوەی هونەری سەما و مۆسیقای کوردی. بەداخەوە، ئەو هەموو «یەکیەتی» و مەلٌبەندە کولتوورییانەی کورد لە ئەورووپان و کەچی هەرگیز غەم لە کۆکردنەوەی ئەم جۆرە ئەرشیف و تێکست و دۆکیومەنتە مێژووییانە ناخۆن. ئەگینا شەیتان دەزانێ؛ داخوا چەند نەوار و فیلم و کاسێتی ڤیدیۆیی ئەم کچە هونەرمەندە کوردە و هی دەیانی دیکەش، ئێستا لە ئەرشیفخانەکانی ئەورووپادا کەوتوون!؟

هەر بۆیە بە شتێکی سەیر نازاندرێ، کە گەلێک لە شارەزایانی مۆسیقا و هەروەها ئامێری مۆسیقاناسە ئەورووپییەکان، بۆ نموونە لەوانە (فرانسوا رێنێ ترانشیڤۆر) بنەچەی گەلێک لە ئامێرە مۆسیقاییەکانی رۆژهەلاٌت، وەکو (تەنبوور) و (بوزوک/ بزخ Buzuq) دەگێڕنەوە بۆ کورد، دەلێ کە لە سەرەتادا کورد ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی داهێناوە.(٧)

ئیتر، بابزانین رۆژنامە و گۆڤارە فەرەنسییەکانی سالٌی ١٩٣٥، چ شتێکیان لە بارەی ئەم کچە هونەرمەندە کوردە نووسیوە:

Administration de Concerts A. et R. FÉLIX, 33, avenue de Suffren, Paris 7me - Tél. Suf 04-87

GRANDE SALLE RAMEAU (ex-Pleyel)

252, Faubourg Saint Honoré

GALA DE DANSES D'ORIENT

PAR

# LEILA BEDERKHAN

PROGRAMME

PREMIÈRE PARTIE

Prelude

1 Toilette de Radha (miniature Persane)

2 Estampe Persane

3 Dilan - Danse Kurde

4 Vision Hindoue

5 Hiéroglyphe

6 Danse Druse

DEUXIÈME PARTIE

7 Serpent

8 Chanson Nuptiale

9 Rythme Rituel

10 Balkis, Reine de Saba

11 Baladi

Entre les Danses l'orchestre exécutera des Intermèdes

**Musique de M. Maurice NAGGIAR**

Piano Pleyel

Costumes N 2 et 6 de **Paul POIRET.**

وێنەی ژمارە (٣). ئەفیشی ئاهەنگێکی دیکەی

www.arsivakurdi.org

بەروار و ساڵێکدا، بەڵام ئاشکرایە پێش ١٩٣٥/٥/٢. بەشدارییەکی چالاکانە و کارامانەی کردووە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای (La Scala de Milan) ئەندام بووە و شەرەفی ئەوەی دراوەتێ کە لە بالیەیەکی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتیانەدا ڕۆڵی بنچینەیی ببینێت: لە بالیەی (Respighi) بە ناونیشانی(بەلقیس،شاژنی سەبا- BALKIS REINE DE-SABA)(٢)

بە داخەوە ئێمە نەمانتوانی هیچ شتێک لە بارەی ژیاننامەی (لەیلا بەدرخان) ساغ بکەینەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەزانین، وەک لە سەرچاوە فەرەنسییەکانیشدا پەنجەنوما کراوە: لەیلا بەدرخان کچی عەبدولڕەزاق بەدرخانی شۆڕشگێڕی کوردە، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، ویڕای چەندین ڕووناکبیرانی دیکەی کوردستانی تورکیا پەراگەندەی دیوی ئێران ببون و لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٢ لە شاری (خۆی) گیرساونەوە.(٣) دیارە لەیلا بەدرخان لەو سەروبەندەی ساڵانی دەیەکان دا جارێ منداڵ بووە و ژیانی هونەریی دەستی پێ‌نەکردووە؛ هێشتا پەراگەندە و ئاوارەی ئەورووپا نەبووە.(٤) ئاشکراشە کە دیدی ناسیونالیستانە و بیری پێشکەوتنخوازانەی باوکی، ڕووناکبیرێکی دنیا دیدەی وەکو عەبدولڕەزاق بەدرخان، کاریگەرییەکی زۆری تواندووە بەسەر پەروەردەبوونی ڕوحی و هونەریی ئەم کچە هونەرمەندە. ئەگەر کاریگەری ئەم بیرە ناسیونالیستە پێشکەوتنخوازەی باوکی نەبوایە، ئەوا هیچ کچە کوردێک لە ساڵانی سییەکان دا جورئەتی ئەوەی نەدەکرد کە ببێتە «سەماکەر» و بێت لە ئەورووپا بە دووای شۆرەتی خۆی‌دا بگەڕێ.

وەک لە هەندێ نووسراوەکانی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە فەرەنسییەکانی ئەو سەردەمەدا بۆمان ساغکرایەوە: لەیلا بەدرخان، تەک هەر شارەزاییەکی قووڵ و فراوانی لە بارەی هونەری سەما و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی‌دا هەبووە، بەڵکو ئەم هونەرەی (سەما و مۆسیقای) بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانیستییانەش خوێندووە؛ وەک هەر هونەرمەندێکی کارامە و هاوچاخی سەردەمەکەی خۆی، بە تەواوەتی لەم هونەرە شارستانییە دانسقەیەدا قاڵ بۆتەوە؛ بەرهەمەکانیشی: بەری داری کۆشش و تێخوێندنەوەیەکی قووڵی ئەکادیمیانەی ئەون. جگە لەمانەش- شارەزاییەکی فراوانی لە بارەی هونەری مۆسیقا و سەما جۆراوجۆرە ڕۆژهەڵاتییەکان هەبووە، لە هەمان کاتدا مۆسیقای ئەورووپی و هەندێ لە سەما ئەورووپییەکانیشی باش ناسیوە؛ تەنانەت لە بواری پراتیکیشدا، بۆ نموونە لە سەمای (بالیە)دا، سەماکەرێکی خاوەن ئەزموون و کارامە بووە.(٥) بڕوانە وێنەی ژمارە (٦).

دەردەکەوێ کە لەیلا بەدرخان، دوا بە دوا هەر ئاهەنگێکی سەما و هەر ئاهەنگێکی مۆسیقایی کە لە وڵاتێکی ئەورووپی‌دا گێڕابێتی- ئیتر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو وڵاتە، بە لێشاوە ڕاپۆرت و وتاریان لە بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە؛ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسییان لەگەڵ سازکردووە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشمان، ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو سێ شەو ئاهەنگەی شاری پاریسی بە نموونە دەهێنینەوە، کە لە خوارەوەدا بە درێژی باسی دەکەین.

دوا بە دوای ئەم سێ شەوئاهەنگە، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە پاریسییەکانی ئەو سەردەمە، وەکو فیگارۆ Le Figaro، لیبێرتی La Liberte، دنیا Les Semaine، تەنانەت گۆڤارێکی ناودار و گرنگی وەکو (جیهانی مۆسیقا Le monde Musicl) و(ڕێبەری مۆسیقا Guid Musical)یش وتار و ڕاپۆرتی تەرخانکراویان لە بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، ویڕای چەندین وێنە و پڕوپاگاندە و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر.

کەواتە دیارە، لە وڵاتانی دیکەش‌دا (لە ئەمریکا و لە هۆڵەندا و ئیتاڵیا و بەلجیکا و ئیسپانیا و سویسرا) بەهەمان شێوە، لە ماوەی گێڕانی ئاهەنگەکانی‌دا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو وڵاتانە ڕاپۆرت و وتاریان لەسەر بڵاوکردبێتەوە و ئێمە جارێ نەماندیبێ.

ئەو ئاهەنگانەی کە لەیلا بەدرخان لە شاری پاریس‌دا گێڕاونی، ئەمانەن:

**١- ئاهەنگێکی فراوانی سەما و مۆسیقای کوردی، لە ڕۆژی ٢/٥ Mai ١٩٣٥دا.**

ئەم ئاهەنگەی لە شاری پاریس، لە هۆڵی (مارسێلان بێرتێلۆت Centre Marcelin Berthelot) دا سازکردووە. زیاتر لە پێنج دیمەنە سەمای پێشکەش بە جەماوەر کردووە؛ تیپێکی ئۆرکێسترایی فراوان لەژێر سەرپەرشتیی مۆسیقاژەنێک بە ناوی (مۆریس ناگژیار Man-Naggiar rice) هاوکاریی کردووە لە پیادەکردنی مۆسیقا و هاونەغمەکردنی سەماکانی‌دا.

ئەم ئاهەنگە، سەرنجڕاکێشەرێکی فراوان لە ڕووناکبیر و هونەرمەندانی گەورەی فەرەنسی بینیوبانە، هەروەها چەند شەخسیەتێکی ناوداری عەرەبیش بۆ بینینی ئەم ئاهەنگە هاتوون. دوا بە دوای ئاهەنگەکەش، حەوت ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاجیای پاریسی، وتار و ڕاپۆرتیان بە وێنەی جۆراوجۆرەوە لە بارەی ئەم ئاهەنگە بڵاوکردۆتەوە، کە لە خوارەوەدا، لەهەر یەکێک لەو وتارانە، چەند دێڕێکی هەڵبژاردە، بە نموونە پێشچاو دەخەین.

**٢- ئاهەنگێکی مۆسیقا و سەمای کوردی، لە کاتژمێر (٩)ی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ٦/٢٤ Juin ساڵی ١٩٣٥.**

ئەم ئاهەنگە، پێش سازکران، پڕوپاگاندەیەکی ڕەسمی فراوانی بۆ کراوە، ئەفیشی گەورە و جۆراوجۆری بۆ سازکراوە و لەگەڵ وێنەیەکی کچە هونەرمەندی کورد، لەیلا بەدرخان، بە شاری پاریس‌دا بڵاوکراوەتەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢). لە ئەفیشەکەدا،




وێنەی ژمارە (٢). یەکێک لە ئەفیشەکان کە بەشێوەی پڕوپاگاندە بە شاری پاریس‌دا بڵاوکراوەتەوە

www.arsivakurdi.org

# لەیلا بەدرخان
# سەما و مۆسیقای کوردی لە ئەورووپای سالانی سییەکان دا

ئامادەکردن و وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال

❤

**کچە هونەرمەندی کورد، لەیلا بەدرخان، بێ ئەوەی تاکو ئێستا پێی بزانین، بەپێی ئارشیڤ و سەرچاوە فەرەنسییەکان دەردەکەوێ کە لە ناوەراستی سالانی سییەکاندا، یەکێک بووە لە ئەستێرە هونەرییە هەرە پرشنگدارەکانی ژیانی شەوبێری و شەوئاهەنگە مۆسیقاییەکانی ئەورووپا؛ هەروەها رۆلێکی گەورەی بینیوە لە ناساندنی سەما و مۆسیقای نەتەوەیی کورد بە خەلکی ئەورووپا.**

❤



وێنەی ژمارە ٦ - دیمەنێکی سەمای (لەیلا بەدرخان) لە بالیەی (بەلقیس، شاژنی سەبا)

لە ئەرشیفێکدا، کە بەم دواییە لە شێوەی دۆسیەیەکی دوازدە لاپەرەییدا لە کتێبخانەی (لانگرۆ) لە پاریس دۆزیمانەوە[١]، باسی ئەوە کراوە کە کچە هونەرمەندی کورد (لەیلا بەدرخان) لە ناوەراستی سالانی سییەکاندا چەندین ئاهەنگی مۆسیقا و سەمای کوردی جۆراوجۆری لە ولاتەکانی ئەمریکا، لە بەلژیکا، لە هۆلەندا، لە سویسرا، لە ئیسپانیا، لە فەرەنسا، لە ئیتالیا... پێشکەش بە خەلکی ئەورووپی کردووە؛ بەم سەما و ئاهەنگە مۆسیقاییە کوردییانەشی، سەرکەوتن و ناوبانگێکی فراوانی لە سەرتاپای ولاتە ئەورووپییەکاندا وەدەستهێناوە.

ئەم ئەرشیفە، بێ ئەوەی بەروار و سالی نواندنی هەموو ئەو چالاکییە هونەرییانەی ئەم کچە هونەرمەندەمان بە تەواوەتی بۆ دەستنیشان بکات، باسی ئەوە دەکات کە (لەیلا بەدرخان) لە فێزدیڤالێکی هونەریی جیهانیش دا، لە فێزدیڤالی سالزبۆرگ Salzboug (نازانین لە چ

وەفدی کوردان کە پێکهاتبوو لە (سامی عەبدولڕەحمان، نێچیرڤان بارزانی و ڕەسول مامەند) بە سەرۆکایەتی (جەلال تالەبانی) بۆ گفتوگۆ کردن چوونە بەغدا.

خەڵکی کوردستان، هیچ کاتێک دژی گفتوگۆ نەبووە، و هەمیشە وەکو هەنگاوێکی دیکەی خەبات حسێبی بۆ کردووە. بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ کێ؟؟! لەگەڵ سەدامێک کە هیچ ڕەواییەتێکی نە لەسەر ئاستی ئێراقی، وە لەسەر ئاستی جیهانیی بۆ ماوەتەوە!!

لە کاتێک، دۆخێکی وەها درووست بوو کە سەددام بۆخۆی داوای گفتوگۆ لە کوردان بکا، و کەوتبووە حاڵەتێکی وا کە بتوانرێ مەرجی بۆ دابنرێ. هیچ پێویست نەبوو، سەرانی کوردان وەها ڕەفتار بکەن وەکو کردیان.

لە ١٩٩١/٤/٢٤، سەددام لەگەڵ وەفدی کوردان لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆن وەدەرکەوت. ئەندامانی وەفدی کوردان، یەک لە دوای یەک، ئەولاولای سەدامیان ماچ کرد. وەکو ئەوە وابێ کە ئەمە جاری یەکەمە سەدام دەبینن و سەدامیش لە ڕووی بنەماگە و جیهانبینینی و بڕوا بە بوونی کورد، وەفدی کوردی بۆ بەغدا بانگ کردووە!!

سەیر ئەوە بوو کە سەدام لە خۆی نەگرت لە کاتی ماچ کردنیان کەمۆکەک خۆی خوار بکاتەوە، بەڵکو وەکو خودای ئەفسانەکان ڕەپ و قیت ڕاوەستا بوو.

ئەم ڕەفتارەی سەرانی کورد، نەتەنها دەروونی گەلی کورد کردووزاند، بەڵکە لەلایەن دۆستانی کوردیش، لە دەرەوە، بەسەرووڕماویی وەرگیرا! چونکە لە کاتێک ئەوان لێوە ساردەکانی خۆیان لەسەر ڕوومەتی قرێژاوی سەدام دادەنا، ڕۆژانە هەزار، چکۆڵە و گەورەی کورد لەنێو چیاکان، ئەوانەی لەترسی سەدام و ڕژێمە بێ ئەخلاقەکەی، ئاوارە ببوون، لە برسان و لە سەرمان دەمردن.

ئەگەر سەرانی کورد مێژوویان لەبیربێ، ئەوە، ٢٤ی ئەپریل، ساڵرۆژی بۆمبارانکردنی قەلادزەیە، کە لە ١٩٧٤، بۆ ئێمەی کورد کارەساتێکی گەورە بوو، و لەلایەن هەمان ڕژێمی بەعسیش ئەنجام درا.

پاشان، جەلال تالەبانی، لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی: «ئەوەی دەوڵەتی نێوەندیی لە ئێمە داوا بکا، ئێمە (دەبێ) قەبوولی بکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆکە سەربگرێ».

ئەمە بە جێگەی ئەوەی بڵێ- (ئێمە، بەلای خۆمانەوە ئامادەین هاوکاری دەوڵەتی نێوەندیی بکەین بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.)

لەهەفتەی دواتر، وەفدی کوردان بۆ جاری دووەم گەڕایەوە بەغدا، بەڵام، ئەمجارەیان بە سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانی بوو.

مەسعوودیش لە ١٩٩١/٥/١٨، لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند کە لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە لەگەڵ ڕژێم پێکهاتووە، هەندێک لەو بەندانەی لە تەلەڤیزیۆن خوێندرانەوە:

١- لێخۆش بوونی گشتی بۆ کوردان.

٢- گێڕانەوەی زانکۆی سەلاحەدین بۆ سلێمانی.

٣- بایەخ بە کوردستان لەمەڕ ئاوەدان کردنەوە بدرێ و..... و.....

ئەم بەندانەش، هیچیان، ئەو شتانە نین کە ڕەزای ڕژێمی بەغدایان پێویست بێ. چونکە لە کاتێک ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستان وەردەگیرێ، لێخۆشبوونی کوردان مانایەکی نییە. گێڕانەوەی زانکۆ بۆ سلێمانی، یان گواستنەوەی بۆ شارێکی دیکە، ئەوەش پێوەندی بە دەوڵەتی خودموختاری کوردانەوە هەیە. کورد ئەگەر هەڵسووڕاندنی وڵاتەکەی خۆی بکەوێتە ئەستۆ، بەبێ گومان بایەخ بە ئاوەدانکردنەوەیشی دەدا. ئەگەر باسی ئازادکردنی بەندییە سیاسییەکانیش لە ئێراقدا کرابێ، ئەوەش بابەتێکی دەرەکییە و پێوەندی بە چلۆنایەتی تەواوێتی ئۆتۆنۆمییەوە نییە.

مەسعوود بارزانی، دواتر لە پرێس کۆنفرانسەکەدا گوتی: «ئەوەی لە هەموو شتێک بۆ من گرنگتر بێ، لەنێوان ئێمە و میری (دڵنیاییە). ئەز لەو بارەیەوە خۆشحاڵم.»

سەدامێک، کە چکۆلەترین ڕێزی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییەت نییە، و لە ٢٣ ساڵی حووکمی بەعس، تووی شۆڤێنییەت و بێ ئەخلاقی لەناوی عارەبان بە دژی کوردان بڵاودەکاتەوە. لەوەتای کوردستان هەیە، و مێژووی کوردان دەنووسرێتەوە، کورد وەها سووکایەتی پێنەکراوە، وەکو ئەم سەدامە پێکردووە. بۆیە، قەت نەدەبوو بۆ ماچکردنی وەها سڕەیان بگرتایە، و وەها زوو ڕایانگەیاندبا، کە دەتوانین لێی دڵنیابین و بڕوای پێ بینین! سەدامێک، کە قەترەیەک ئابڕووی لەسەر ئاستی جیهانی بۆ نەماوەتەوە. چۆن بوو لە ماوەی ١-٢ هەفتە وای لێهات کوردەکان «بڕوای» پێ بکەن؟!

ئەوەی ئایندەی کوردان لەم گفتوگۆیە دابین دەکا، لە پلەی یەکەم، دەستەبەرکردنی ئەنجامەکانێتی لەسەر ئاستی جیهانی. ئەوجا بۆ ئەوەی سەرانی کورد لەبەرامبەر مێژوودا لێپرسراو نەبن، گەرەکە، چاو لە بستە خاکێکی نەتەوایەتی نەپۆشن، و ڕەفتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣، دووبارە نەکەنەوە!

خۆ، ئەگەر وەها نەبێ، ئەمجارەیان خۆمان سووکایەتی بە خۆمان دەکەین. ئەگەرچی هەموو هەنگاوێکی ئەو زەلامەی بەغدا جێگەی گومانە... ئەوەتا کوێت، کە لە ١٩٦٣وە، ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەقیقەتێکی بەرچاوە بۆ وادەشکێنی ئەو کابرایە!

بەڵام، ئەوەندە هەیە، ئەم دەستەبەرکردنە بۆ ڕۆژی «مەبادا» دەبێتە ملک، بۆ ئەوەی چەند دەنگێک، با کەمیش بن، لەملاو ئەولای جیهان، یەک- دوو چرپەیان بۆ بەرژەوەندی کوردان لێوە بێت.

✣



www.arsivakurd.org

بەعسیکان، بۆ جاری دووەم هەوڵی کوشتنی بارزانییاندا. خۆشبەختانە هەرتک جاران بارزانی، بە ساخلەمی تێیدا دەرچوو.
لە ماوەی ئەو چوارساڵە، لە پەنای گفتوگۆکردن، بە سەدان نیشتمانپەروەری کورد لە بەندیگەکانی بەعسیکان شەهید کران، یان، ڕاوەدوونران و لە وڵات دەرکران. کرۆکی غایەتی بەعسیکان لەم ڕێککەوتنە، تەنێ لێدانی بارزانی و شۆڕشی کوردان بوو. حەردان تەکریتیش، لە یادداشتەکانی خۆی هەقیقەتی ئەم ڕاستیەی زیندوو کردۆتەوە، و گوتوویەتی: «مەبەست لەم ڕێککەوتنە ئەوە بوو کە بتوانین کۆدەتایەکی سەربازی لەسەر بارزانی بکەین و بیکوژین.»
ساڵێک پاش ئەوەی شەریان بەسەر کوردان داسەپاندەوە، لە ۱۹۷۵/۳/٦، لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن و پەیمانی جەزایەریان بۆ لە نێوبردنی شۆڕشی کوردان واژۆکرد. ئەم پەیمانە شێوەیەکی نیوچە نێونەتەوەیی هەبوو- بێلە ئێراق و ئێران، جەزایر و میسریش تێیدا بەشداربوون، و کەموزۆر هینری کیسنجەر، شالیاری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکاش دەستی تێدا هەبوو. ئەم پەیمانە لە ۱۹۸۰/۹/۲۱، لە لایەن ڕژێمی ئێراق هەلوەشایەوە، و ڕۆژێک دواتر، ئەسکەری ئێراق بە دەستووری سەددام، چووە ناوخاکی ئێران و جەنگی شوومی «قادسیەی سەددام» دەستی پێکرد، و بۆ ماوەی نزیکەی ۸ ساڵ درێژەی کێشا کە خوێناوترین جەنگ لە کۆتایی سەدەی بیستەم بوو. پتر لە ملیۆنێک ژیان لەم جەنگە مەحوو بۆوە. جێگەی سەرنجە، کە هەم پەیمانی ۱۱ ئازار، و هەم پەیمانی جەزایر لەلایەن خودی سەددام حوسێن واژۆکرابوون!
لە ساڵی ۱۹۸۳، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەیەک لایی لەگەڵ ڕژێم دەستی بە گفتوگۆ کرد. زێتر لە ساڵێک چاوەڕێی «فەرمایشی» سەددامیان کرد. پاشان، بۆیان دەرکەوت کە دیسان سەددام فێڵی لێکردوون، و مەبەست لەم گفتوگۆیە لاوازکردن و تێکدانی ڕیزەکانی عێزی پێشمەرگە و بەرەی جەنگ بووە.
ئەو کوردستانە گەورە و جوانە، لەسەر دەستی ئەم ڕژێمە گوبینیزمەی ئێستای بەغدا وەها وێران کران. پتر لە چوار هەزار گوند لە ئاوەدانیی خران. بە هەزاران مرۆڤی کورد لە هەڵەبجە و خۆشناوەتی و ناوچەکانی سەر بە پارێزگەکانی مووسڵ و دهۆک بە گازی کیمیایی شەهید و بریندار کران.
لە ماوەی جەنگی «تۆفانی بیابان» پاش ئەوەی ئێزگەیەکی رادیۆ لەلایەن C.I.A لە سەعوودیە دامەزرا، و ڕۆژانە ۱۲ کاژمێر، هەفت ڕۆژ لە هەفتە، بەرنامەکانی خۆی بە زمانەکانی کوردی و عارەبی بۆ گەلانی ئێراق بڵاودەکردەوە، و بۆ هەڵسان لە دژی ڕژێم هانی دەدان. دواتر لە ۱۹۹۱/۲/۱۵، جۆرج بۆش، بۆخۆی داوای لە ئەسکەری ئێراق و گەلانی ئێراق کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڕژێمی سەددام بهێنن. ئەم سیاسەتە وای کرد ئەتمۆسفیرێکی وەها درووست بێ، کە کورد و عارەب و کەمەنەتەوەکانی دیکە لە ڕژێم وەدەنگ بێن و لە ماوەی چەند ڕۆژێک کوردستان لە لایەن کوردان ڕزگار بکرێ.
دوای ئەوەی بە زیانێکی زۆر کەم (۱۲٦ کوژراو)، چوارەمین هێزی جیهانی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، شکێنرا، و بە قەولی بووش (کابووسی ڤێتنام تێیەڵدرا)، ئەنجا پشتیان لە گەلانی ئێراق کرد، و بە ڕواڵەت چرای کەسکیان بۆ سەددام لێدا بۆ ئەوەی بەرهەلستکارانی ئێراق تێکبشکێنێت. لە ۱۹۹۱/٤/٥، بووش، بێشەرمانە گوتی: «من هیچ شتێکم نەگوتووە کە ئێراقییەکان وا تێیگەن یارمەتییان دەدەم.»
خەڵکی کوردستانیش، لە ترسی ئەوەی سەددام بە کیمیایی لێیان دەدا، شارە گەورەکانیشیان چۆڵ کرد و کورد ئاوارەی چیاکانی کوردستان بۆوە. ڕژێمیش بە تەیارە و کۆپتەر و تانک و تۆپ بە دوایانەوە بوو، و هەزاران ژن و منداڵ و پیری لێ شەهیدکردن. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی، لە ڕاست ئەم قەسابییەی سەددام لە کوردانی دەکرد بێدەنگ بوون. تا کار گەشتە جێگەیێ کە ئاوارەبوونی کوردان بووە گەورەترین کارەساتی مرۆڤایەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. ئەنجا فەرانسا و ئینگلیستان و وڵاتانی دیکەی ئۆروپای ڕۆژاوا، پاشان لە ژێر گوشاری وان و خەڵکی ئەمریکا، بووشیش بە ناچاریی ملی دابەرێ و هێلی 36ەی مەداریی، کە زۆربەی کوردستانی بندەستی ئێراقی دەگرتەوە، کێشا و ئێراقیشی ئاگادار کردەوە کە پێویستە هەموو جۆرە چالاکییەکی سەربازیی خۆی لە نزیکایی ئەم هێڵەدا ڕابگرێ. لەوێ ڕژێمی ئێراق تێگەیشت کە ناتوانێ چیدی فڕۆکە و تانک و تۆپ بۆ ژینوسایدی کوردان بەکاربهێنێ. پاشان هاتە سەر ئەوەی هاوپەیمانەکانی تۆفانی بیابان سەرباز بنێرنە کوردستان بۆ یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکان.
دوای ئەم ڕووداوانە، سەددام بۆخۆی داوای گفتوگۆ لەگەڵ کوردان کرد، ئەویش بەو نیازەی:

۱- مەترسی لەنێوچوونی ڕژێمەکەی نەهێڵێ.
۲- لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنە، هێزەکانی هاوپەیمانەکان لە ئێراق وەدەربێنێ.
۳- ئەم ڕێککەوتنە ببێتە هۆی ئەوەی UN ئابلۆقە لەسەر ئێراق هەڵگرێ.

پاش ئاوارەبوونی کوردان، ڕۆژانە ۱۰۰۰ کەس لە ژن و منداڵ و مێر، لە سەرمان و لە برسان دەمردن. تورکیاش، بە جۆرێکی دیکە، ڕۆڵێکی گرنگی لە زیدەکردنی مەرگی کوردەکاندا دیت. چونکە ئەگەر تورکیا لێگەڕابا خەڵکەکە لەسەر کێوەکان بهاتبانایە خوارێ، ڕێژەی مەرگ وەها لەسەرەوە نەدەبوو. جودا لەمە، ئەو چەند هەزار کوردەی لەلایەن تورکیا وەرگیرابوون، و لە کامپ دامەزرابوون، زۆر خراپ ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، جگە لە لێدان و تێهەڵدان، ئەو یارمەتییەی لە وڵاتانی دەرەوە بۆیان دەچوو، لەلایەن سەربازی تورکیا لێیان دەدزرا و پاشان دەفرۆشرایەوە.
لە ۱۹۹۱/٤/۸، هێزەکانی ئێراق، ۳ کیلۆمیتر چوونە نێو خاکی ئێران، و بەسەدان کوردیان شەهید کرد. چەند ڕۆژێک دواتر،

www.arsivakurdi.org

٢- فەریق روکن سالح مەهدی عەمماش- شارلیاری یەرگریی و شالیاری دەرەوە بەوەکالەت.
٣- دکتور مەحموود کیارە- وەکیلی شالیاریتی دەرەوە.

ئەم وەفدانە لەسەر ئەم مەرجانەی خوارەوە پێکهاتن.

١- کۆماری ئێراق، دان بەسەربەخۆیی شێخ نشینی کوێت دەنێت و تخووبی کوێت بەرەودەناسێ لەسەر بنچینەی پەیمانی سەرشالیارانی ئێراق کە لە ٢١ی ژوولای ١٩٣٢دا، وا رۆژی کردبوو، وشێخی کوێت لە مێژووی ١٠ ئۆگێشتی هەمان ساڵدا، بە بریاری دەوڵەتی خۆی قەبوولی کردبوو.

٢- هۆردوو دەوڵەت، پێکەوە هاریکاری دەکەن بۆ پێشڤەبردنی پێوەندی برایانە لە نێوان هەردوو وڵات، وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتیی و بەرژەوەندی نێو کۆیی کە پاراستنی یەکێتی عارەبیش دەگرێتەوە.

٣- هەرتک دەوڵەت تێدەکۆشن بۆ ئەوەی لە بوارەکان فەرهەنگیی، بازرگانیی، و ئابووری هاوکاریی یەکدی بکەن و زانیارییەکانی هونەریی لەگەڵ یەکدی بگۆرنەوە.

هەر لە پاش ئەم رێککەوتنە، بێدرەنگ پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ یەکدیکە دامەزراند. کوێتیش بوو بە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان و لەکەڵ چەندان وڵاتانی گەورە و چکۆڵەی دونیا باڵیوزگەی گۆریەوە. لەو ماوەیە، کوێت، بە کردەوە پتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی عارەبیی سەرنجی بە ئێراق دابوو. بە تایبەتی لەدەمی جەنگی ئێراق- ئێران، کوێت ١٧ بلیۆن دۆلار یارمەتی بە رژێمی ئێراقدا، کە ٦ بلیۆن کاش بوو. لە کاتی جەنگ لەسەر «فاو» رێگەیدا کە خاکی وێ لەلایەن ئەسکەری ئێراقیی بۆ وەرگرتنەوەی شاری داگیرکراو بەکار بهێنرێ.

سەددام حوسێن، کە لە ساڵی ١٩٧٩ کۆدەتای لەسەر بەکر کرد، بەڵێنی خۆی دووپات کردەوە کە «نابێ ئەسکەر لە نێوان وڵاتانی عارەبیی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان بەکار بهێنرێ.»

پاشان، وەکو دیتمان لە ١٩٩٠/٨/٢، سەددام ئەسکەری ناردە کوێت و داگیرکرد و لەسەر ئاستی جیهانیش رایگەیاند: «کوێت بەشێکە لە ئێراق و لێی جیاناکرێتەوە.» دواتر کردیە ١٩مین پارێزگەی ئێراق.

ئەنجا، جیهان بە گشتی و رۆژاوا بە تایبەتی بۆ ماوەی پتر لە ٧ مانگ لە رێگەی ئابلۆقەدان هەوڵیان دا کە ئەسکەری ئێراق لە کوێت بچێتە دەرەوە و کارەکە بە ئاشتیی کۆتایی پێ بێت. سەددام، هەموو کۆششێکی رەدکردەوە.

پاش ئەوەی کاتی بۆ دیارکرا، کە لە ١٩٩١/١/١٥، بەبێ هیچ مەرجێک لە کوێت بچێتە دەرەوە. لە رۆژی ١٩٩١/١/١٣، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان «خافیر دیکولار» چووە ئێراق، و داوای لە سەددام کرد کە بە ئاشتیی بچێتە دەرەوە. سەددام ملهورانە رەدی دایەوە. دوای هەوڵدانێکی زۆر، هاوپەیمانەکان تێگەیشتن کە سەددام نایەوێ لە «زمانی ئاشتیی» بگا.

ئەنجا لە بەرەبەیانی ١٩٩١/١/١٧، لە کاتژمێری دەوروبەری ٤ی بەیانیی بە کاتی بەغدا، هێرشی ئاسمانیی لەلایەن هاوپەیمانەکان کرایە سەر ئێراق و «تۆفانی بیابان» دەستی پێکرد، و ٣٨ رۆژ دواتر هێرشی زەوینیش دەست پێکرا، و لە ماوەی درووست ١٠٠ کاژمێر جەنگ بە شکست و ئابڕووچوونی ئێراق کۆتایی پێهات و کوێت رزگارکرا.

شەش رۆژ پێش دەست پێکردنی جەنگی زەوینی، لە ١٩٩١/٢/١٨، گۆرباشۆڤ نوێنەری تایبەتی خۆی «یەڤگێنی پریمەکۆڤ» هەناردە لای سەددام، و لیستێکی پێشنیازیی، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی دەگرتەوە بە سەددامدا:

١- هاتنە دەرەوەی هێزەکانی ئێراق لە کوێت، بێدرەنگ و بێ مەرج. پاشان، بەڵێنی ئەم شتانەی بە سەددامدا.
٢- یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزرێ.
٣- ناهێڵێ عێراق سزا بدرێ و سەددام لەسەر حوکم دەمێنێتەوە.
٤- دۆزی فەلەستین قسەی لەسەر بکرێ.

سەددام، لە وەرامدا بە پریمەکۆڤی گوت: «ئەگەر دوو رێگە لە پێشمدا هەبێ، یەکێکیان ئەوەبێ بکەومە سەرچۆکانم و خۆم بدەمەدەست، و ئەویدکەیان شەڕکردن بێ، ئەز رێگەی دووەم هەڵدەبژێرم.»

پاش ئەو هەموو ملهۆڕیتییەی سەددام کردی، لە رۆژی ١٩٩١/٤/٦، بەو شێوەی ئەمریکا دەیویست، وەها تەسلیم بوو، ئەویش بە:

١- نابودکردنی هەموو جۆرە چەکێکی کیمیایی- بایولۆژی، و تۆپە دووربۆیەکان لە ئێراق.
٢- ئێراق، هەوڵ نادا چەکی ئەتۆمی لە ئایندە بەدەست بێنێ.
٤- ئێراق، زیانی ئەو وڵاتانەی کە راستەوخۆ بە هۆی جەنگەوە لێیان کەوتووە، دەداتەوە.

بەعسیکان، لە ١٩٦٨، کە بۆ جاری دووەم دەوڵەتداریتییان گرتەوە دەست، هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەسکەریی چارەسەری دۆزی کوردان بکەن، کە زانییان ناتوانن، ئەنجا لە ١٩٧٠/٣/١١، لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرش رێککەوتن، و بریار درا لە ماوەی ٤ ساڵ، هەموو بەندەکانی بەیانەکە جێبەجێ بکەن. پاشان، هەر ساڵێک و ٦ مانگ و ١٨ رۆژ دوای واژۆکردنی پەیمانەکە، ٩ عەمامەلەبەری بەرواڵەت مەلا لە «حاجی ئۆمەران» قەسدی کوشتنی بارزانییان کرد. لە ١٩٧٣،

# جارێکی دیکە گفتوگۆ...
# لەگەڵ خواوەندی پەیمانی جەزایر

**کرمانج گوندی**

لەهەر شۆڕشێکی نەتەوایەتیی- چینایەتیدا، گفتوگۆ ئامێرێکی دیکەی خەباتە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئارمانجەکان. گفتوگۆ، وەختێک دەکەوێتە پراکتیک کە هەردوولا لە دیدێکی پراگماتیکییەوە بڕوا بە بوون و ئارمانجەکانی یەکدیکە بهێنن، ئەگەرچی هیچ گفتوگۆیەک لە خۆیەوە درووست نابێ، بەڵکە هەمیشە لە ئەنجامی ناقایل بوونی گرووپێکی ئەتنیکیی- چینایەتی، لە مانگرتنەوە بگرە تا ڕاپەڕینی چەکدارانە خۆی دەنوێنێ. بەڵام، لەهەر حاڵەتێکدا، گفتوگۆ، دەبێ لەسەر بنچینەی بنەماگەی هەرتکلا بە بابەتەکەوە بکرێ. دەنا فێڵ لە خۆکردن و یەکدی هەڵخەتاندن و «قومار» کردن بە ژیانی ڕاوپارییە. بە تایبەتی ئەگەر کێشەکە دۆزی نەتەوایەتیی بێ، ناکرێ خاڵی لاوازی هیچ لایەک بۆ ئەویدەکەیان ببێتە زەوینە بۆ سەپاندنی داخوازییەکانی خۆی.

کوردەکانی کوردستانی بندەستی ئێراق، لەپاش لکاندنی ئەم پارچە بە ئێراق، لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانگیر، بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ لە شۆڕشی چەکداری دان. ئەم شۆڕشانە، دەکرێ لە دوو قۆناغی جوداواز دەستەبەندیی بکرێن.

١- مامڵەکەتی ئێراق و شۆڕشی شێخ مەحموود ١٩١٩- ١٩٣١

ئارمانجە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە، دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان لەژێر چاودێری ئینگلستان بوو. هۆی سەرنەکەوتنی شێخ مەحموود، پلانی پێشینی ئینگلستان لەمەڕ دابەشکردن و بێ بەشکردنی کوردان، تەواو دەبوو.

٢- کۆماری ئێراق و ژانراڵ مستەفا بارزانی ١٩٦١-١٩٧٥

ئارمانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی بارزانی، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقێکی دیموکراتیک بوو. ئەم شۆڕشە بە ڕواڵەت چاوی لەسەربەخۆیی کوردستان پۆشی و سنووری ئێراقی قەبوول کرد. تائێستاش ئەم دروشمە لەلایەن هێزە ڕاوپارییەکانی ئەم بەشەی کوردستان پێڕەوی لێدەکرێ!

خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی، بوو بە فاکتەری ئەوە کە سەرانی کورد هەمیشە چاویان لە بەغدا بێ، داخوا کەینێ داوای گفتوگۆ دەکا. بە تایبەتی لە کاتی کۆدەتاکانی ئێراق، سەرانی کوردان، لەپاش هەر کۆدەتایەک بە ئاماژەیەکی ڕژێم شەڕیان ڕاگرتووە. هەر ئەمەش گەورەترین هەڵەی ڕاوپاریی- ئەسکەریی کوردان بووە.

گفتوگۆ لە نێوان کوردان و ڕژێمەکانی ئێراقیی، هەمیشە لەلایەن ڕژێمی بەغدا بۆ غایەتی خۆ بە هێزکردن و دەست لە شۆڕشی کوردان وەشاندن، پێشنیارکراوە. هەر جارەش، مێژووی سەرنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی هاتنە کە لەلایەن ڕژێم دووبارە کراوەتەوە، وەهەر جارەش سیاسەتەکەیان لە جاری پێشوو لە دژی کوردان نامرۆڤانە تر بووە.

دژوارترین ئازموون کە خەڵکی کوردستانی بندەستی ئێراق لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێراق هەیبێ، لەگەڵ ئەم ڕژێمە فیرعەونییەی ئێستایە.

بەعسیکان، مێژوویەکی دوورودرێژی بێ بەڵێنی و پەیمان شکێنیان هەیە. لە فێبریوەری ١٩٦٣، کە بۆ جاری یەکەم دەوڵەتدارێتییان گرتە دەست، وەبیری چارەسەرکردنی کێشەی کوێت کە لەلایەن ڕژێمی قاسمەوە درووست ببوو کەوتنەوە. (قاسم دەیگوت، کوێت بەشێکی جیانەکراوە لە ئێراقە.)

بۆ ئەم مەبەستە، دەوڵەتی شێخ نشینی کوێت لەلایەن ڕژێمی بەعسیکان بە ڕەسمی داوەت کرا، و لە ڕۆژی ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٣، هەرتکلا لە بەغدا چوپان بە یەکدی کەوت. وەفدی کوێت لە مانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١- الشیخ سەباح سالم سەباح- جێگری ئەمیر و سەرشالیاران.
٢- شێخ سەعدعەبدوڵلا سالم سەباح- شالیاری نێو خۆیی و شارلیاری دەرەوە بەوەکالەت.
٣- خەلیفە خالید غەنیم- شارلیاری بازرگانیی.
٤- ئاورەحمان سالم عەتیقی- بالێوز و وەکیلی شالیارێتی دەرەوە.

وەفدی ئێراقییەکان بریتیی بوو لە:

١- لیوا ئەحمەد حەسەن بەکر- سارشالیاران.

www.arsivakurdi.org

کێشەی کورد و گیروگرفتی پەنابەرە ئاوارەکانی کورد لە ئاکامی داواو پێداگرتنی دەوڵەتی فەرانسا و ئینگلیز (ئەم جارە) توانیان ئەم مەسەلەیە بگەیێنە بەردەست ڕێکخراوی نەتەوەیەککرتووەکان. ئەوەبوو ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ یەکەم جار بڕیارنامەیەکی مێژوویی دەربارەی کوردە پەنابەرەکان لەژێر ژمارەی ٦٨٨ دەرکرد. ئەم بڕیارنامەیە پێکهاتووە لە هەشت بڕگە کە داوا دەکات مەسەلەی کوردەکان لە عێراقدا چارەسەر بکرێت و دەستی یارمەتی بۆ پەنابەرانی کورد درێژ بکرێت. هەرچەندە ئەم بڕیارنامەیە بە تایبەتی باسی لایەنی مرۆڤایەتی کێشەی گەلی کورد دەکات، بەڵام هەروەک وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (گێنشەر) لە کۆرێکی ڕۆژنامەگەریدا بڕیاری ٦٨٨ بە بڕیارێکی مێژوویی لەقەڵەمدا لە مێژووی گەلی کورددا. ئێمەش ڕامان وایە ئەم بڕیارە کارێکی یاسایی گرنگە لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا.

بە پێی بڕیارنامەی ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش، بە پێشنیاری ئینگلیز و وڵاتە هاوپەیمانەکان چەند هەزار سەربازێکی خۆیان نارد بۆ یارمەتیدانی پەنابەرە کوردەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ خاکی کوردستانی خوارووی. ئەوەبوو هاوپەیمانەکان چوونە ناو شاری زاخۆوە و یەکەم ئۆردوگایان لە کوردستان دروست کرد و پاراستنی ئەم ئۆردوگانەیان لە ڕووی سوپاییەوە مسۆگەرکرد و ئێستا خەریکی دروستکردنی ئۆردوگای ترن لە ناوچەکانی تردا.

بە ڕای ئێمە ناردنی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ کوردستان لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە کارێکی زۆر باشە بۆ گەلی کورد و رزگارکردنی لەم کارەساتە. لەوانەیە بوونی ئەم هێزانە ببنە ترسێک بۆ ڕژێمی بەغدا بۆ دەست هەڵگرتنی لە کوشتن و ئاوارەکردنی گەلی کورد. بەڵام وادیارە ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی ئامادە نین لە ڕووی سیاسی و سوپاییەوە پشتی خەباتی گەلی کورد بگرن. بەڵام ناڕاستەوخۆبوونی ئەم هێزانە و پاشان گۆڕینی ئەم هێزانە بە هێزی پۆلیسی نەتەوەیەککرتووەکان پارێزگاری نێونەتەوەیی بۆ گەلی کورد مسۆگەر دەکات و کێشەی کورد زیاتر لە جاران لە ئاستی جیهانەوە دەتوانرێ چارەسەرکردنی بۆ بدۆزرێتەوە.

لەم بارە ئالۆزەشدا لەسەر داوای ڕژێمی بەغدا، لایەنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی خواروو گازکران بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە لە عێراقدا. ئەوەبوو وەفدێکی چوارلایەنی چوون بۆ بەغدا و کۆمەڵێ بەڵێنیان لە سەدام وەرگرت. بێ گومان گفتوگۆ لە هەموو هەڵومەرجێکدا مافێکی ڕەوایە و ناکرێ دژایەتی بکرێت، دژی بوەسترێت. بەڵام وادیارە بۆ هەموو لایەک گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەغدا زۆر سەختە. لەوانەیە گەلی کورد زۆر مافی نەتەوەیی بدرێتێ. بەڵام باوەڕ نەکردن بە ڕژێمی بەغدا و گفتەکانی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی جۆر جۆردا مافێکی ڕەوای تری گەلی کوردە. بۆیە پارێزگاری نێونەتەوەیی لەسەر هەر گفتوگۆ و پەیمانێک لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا داواکاریەکی ڕەوای کوردە، و مەرجێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کورد و بە جیهانی کردنی کێشەکەی. بە بیروباوەڕی ئێمەش وەفدی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەبێ سوور بێت لەسەر مەرجی پارێزگاری نێونەتەوەیی وەکو مەرجێکی سەرەکی هەر گفتوگۆیەک و پەیمانێک لەمەڕ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورد و چارەسەرکردنی لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی نێونەتەوەییدا، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە لە باری سیاسی و یاساییەوە بۆ دانانی بناغەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەپێی پرینسیپی مافی گەلان و نەتەوەکان لە دیارکردنی چارەنووسیاندا.

ئەمڕۆش زیاتر لە هەموو کاتێک، گەلی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، ڕۆشنبیران، ڕووناکبیران، یاساناسانی کورد لە ناوەوە و لە هەندەران، پێویستە هەموو هێز و توانایان بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد تەرخان بکەن و مەسەلەی کورد بە ڕای گشتی جیهانی بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ڕێک و یەککرتوو بێت، سمینار و کۆنفرانسی زانیاری و سیاسی بەرپابکرێ و شیکردنەوە و نووسین بڵاو بکرێتەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە.

پێشخستن و ڕێکوپێک کردنی خەباتی سیاسی و سووپایی و داڕشتنی پرۆگرام و ستراتیژیەکی سیاسی یەککرتوو بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەسەر بنەرەتی مافی دیارکردنی چارەنووسە بە شێوەی پێکهێنانی سیستێمێکی فیدرالی لەگەڵ گەلانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، دەبێتە پشتیوانیەکی کاریگەر و بەهێز بۆ خەباتی گەلی کورد لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

گۆڕانە سیاسیەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی جیهان، خەباتی سەخت و بەردەوامی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، هەنگاو بە هەنگاو چارەسەرکردن و بەدیهێنانی مافی دیارکردنی چارەنووسی گەلی کورد نزیک دەکاتەوە و وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە جیهانی و نێونەتەوەییەکان زیاتر بۆیان دەردەکەوێ کە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بناغەی یاسا و پرینسیپە نێونەتەوەییەکان، هێمنی و ئاسایش قەت سەقامگیر نابێت نە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ونە لە جیهانیشدا.

١٩٩١/٥/٩



www.arshivakurd.org

راپەڕینەکانی کوردستانیان سەرکوت کردووە و کوردیان قەلاچۆ کردووە. بە تایبەتی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق بە لەپێش گرتنی سیاسەتی بە کۆمەڵ کوشتن (گینۆسایەد) چەندەها جار دەستی داوەتە کوشتاری بە کۆمەڵ، لەسەرووی هەموویانەوە تاوانی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە بە گازی کیمیایی ساڵی ١٩٨٨، وەدەست درێژی کردنی سوپای ڕژێمی بەغدا پاش شکانی سەرشۆڕانەی لە شەڕی کوێت، کە هەڵیکوتایە سەر چوار ملیۆن کوردی بە ئاوارە بوو.

تاوانی ژینۆساید یاخود گینوساید تاوانێکی نێونەتەوەییە و یاسای نێونەتەوەیی ریسوا و قەدەغەی کردووە. تاوانکەری گینوسایدیش لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارە و دەبێ بە گوێرەی یاسا نێونەتەوەییەکان سزا بدرێت و گەلی کوردیش کە چەندەها جار لە رێگەی چارەسەرکردنی کێشەکەی دا ئەم تاوانەی دەرحەق کراوە پێویستی بە پارێزگاری نێونەتەوەیی هەیە. ئەمەش راستییەکی یاسایی ترە کە نێونەتەوەیی کێشەی کورد زیاتر دەردەخات. جگە لەوەش گەلی کورد دەژمێردرێت بە یەکێک لە گەلە خەباتگێڕەکان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا، و لە ڕوانگەی یاسا نێونەتەوەییەکانەوە، هەموو گەلە خەباتگێڕەکان لە پێناوی سەربەخۆییدا دەژمێردرێن بە سوبێکتی (SUBJECT) یاسای نێونەتەوەیی، شان بە شان لەگەڵ وڵاتە سەربەخۆکان و رێکخراوە جیهانیەکاندا.

سەرەرای ئەم کۆمەڵە بەڵگە یاسایی و هۆکارە زانیارییانەی بە دەستی گەلی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوەن، داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی گەلی کورد، کێشەی کورد هەر بەگرێ و گۆڵی ناوخۆیی لە قەڵەم ئەدەن، و هەموو هەوڵ کۆششێکی سیاسی و دیپلۆماسی خۆیان، بۆ بەربەرچ دانەوە و دژایەتی کردنی هەرهەوڵ تەقەلایەک بۆ بەرزکردنەوەی کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا و بە نێونەتەوەیی کردنی ئەم مەسەلەیەدا تەرخان کردووە. چونکە بە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی راستەوخۆ و کاریگەر هەڕەشە لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دەکات.

دوژمنانی کوردیش لە سیاسەتیاندا دژ بە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورد پشت بە چەند پرنسیپێکی یاسایی نێونەتەوەیی دەبەستن کە لە یاسای نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوە. ئەمەش وەکو پرنسیپی نەگۆرانی سنووری نێونەتەوەیی دەوڵەتان، دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی سەربەخۆ. داگیرکەران هەمیشە ئەم پرینسیپانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کاری دێنن و دەیکەن بە بیانوویەکی پتەو دژ بە پرینسیپی مافی گەلان و نەتەوەکان لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیاندا.

بە رای ئێمە هەردوولا، گەلی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی و دوژمنانی گەلی کورد، بەڵگەی یاسایی خۆیان بەدەستەوەیە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجەکانیان. بەڵام بەڵگەی گەلی کورد، تەنانەت ئەگەر حەقیانەتی زیاتر و راستریش بێت چونکە گەلێکی ژێردەستە و دەسەڵاتی سیاسی نییە لە ئاستی جیهانیدا هەمیشە لاوازترە.

توندوتۆڵ کردنی خەباتی گەلی کورد و رێکخستنی سیاسی و یاسایی بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی لە رێکخراوێکی سیاسی یەککرتوودا گومانی تیانییە دەبێتە یارمەتیدەرێک و رۆڵێکی کاریگەری دەبێ بۆ بەکارهێنانی بەڵگە نامەکانی گەلی کورد، بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورد لە رووی بە کردەوەوە.

رووداوەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە سەرووی هەموویانەوە شەڕی هاوپەیمانەکان و عێراق و بەزینی سەرشۆرانەی سوپای رژێمی بەغدا لەو شەرەدا و لاوازبوونی ئەم رژێمە، کارێکی راستەوخۆیان کردەسەر خەباتی رزگاریخوازی کورد و گەلی کورد بە گشتی. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکەوە بە هاوبەش بۆ ماوەیەکی کورت توانیان کوردستانی خوارو لەژێر چەکمەی داگیرکەران ئازاد بکەن. بەڵام وەک هەمیشە، سوپاهەڵاتوە شکاوەکەی رژێمی سەدام کە توانای بە بەرەنگاربوونی هێزی پێشمەرگەی نەما، بێبەزەییانە بە گشت جۆرە چەکێک وەکو ناپاڵم، راکێتی سکاد و تۆپ و تەیارە، هەڵیکوتایە سەر کۆمەڵانی بێدیفاعی خەڵکی کوردستان و کەوتە وێرانکردنی شارەکان و کوشتنی هەزارەها ژن و منداڵ و پیر. بەم چەشنە پێشمەرگەی ناچار کرد بۆ پاراستنی گیانی جەماوەر و زیاتر وێران نەکردنی شارەکان، شارە گەورەکان بە جێ بهێڵێ. ئەنجامی ئەم هێرشە درندانەیەی رژێمی بەغدا، ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد بوو بە برسیەتی و نەخۆشی بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران.

گەلی کورد دیسان بۆی دووپات بۆوە کە لە ئاستی جیهانیدا دۆستی نییە و هیچ لایەک یارمەتی خەباتە رەواکەی نادات. وڵاتە هاوپەیمانەکانی دژ بە عێراقیش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بە بیانوی ئەوەی کە کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقە، پشتیوانی سیاسی و سوپایی خەباتی گەلی کوردیان نەکرد.

ئەو کارەساتە دڵتەزێنە کە بەسەر گەلی کوردا هات ئەوەندە گەورە و سامناک بوو توانی بیروڕای گشتی جیهانی بۆلای خۆی رابکێشێ و وڵاتانی جیهانی ناچار کرد کە چاوێک بە کێشەی کورددا بخشێنەوە و بگەنە ئەو باوەڕەی کە کارەساتی گەلی کورد، کارەساتێکی نێونەتەوەییە و چارەسەرکردنی تەنیا بە هەوڵ و کۆششی نێونەتەوەیی تەواو دەبێت.

www.arsiwakurdi.org

دەستکردانە وایان کردووە کە کێشەی کورد ببێتە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و ببەسترێتەوە بە یاسا و دەستووری ئەم وڵاتە داگیرکەرانەوە.

وڵاتە ئیمپریالیزمە هاوپەیمانەکان، پەیمانی سیڤەری ساڵی ۱۹۲۰یان مۆرکرد. ئەم پەیمانە لە سێ بڕگەیدا باسی کوردستان و گەلی کوردی کردووە و دانی ناوە بە مافی گەلی کورد لە دیارکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ بە یارمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان.

لە ڕاستیدا ئەم پەیمانەش لە خۆشەویستی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو دیسان وڵاتە هاوپەیمانەکان بەکاریان هێنا دژی تورکیا. ئەوە بوو پاش نزیک بوونەوەی تورکیای نوێ لە وڵاتە هاوپەیمانەکان، لە سەر داوای تورکیا پەیمانی (سیڤەر) هەڵوەشایەوە و ئاکامی نەما، و لە جێگەی ئەم پەیمانە پەیمانی (لۆزان) ساڵی ۱۹۲۳ مۆرکرا، کە بە ئاشکرا مافە ڕەواکانی گەلی کوردی تێدا پێشێل کراو هەر بە گوێرەی ئەم پەیمانەش سنووری عێراق و تورکیا چەسپکرا و ولایەتی موسل (کوردستانی خواروو) خرایە سەر دەوڵەتی عێراق. هەر چەندە ڕاپۆرتی لیژنەی ڕێکخراوی نەتەوەکان ساڵی ۱۹۲۳ بۆ کوردستانی خواروو (ولایەتی موسل) داوای کردبوو وڵاتێکی سەربەخۆی کورد لەم ناوچانە دامەزێنرێت.

هەرچەندە پەیمانی (سیڤەر) هەڵوەشایەوە و کاری پێ نەکرا، بەڵام دیسان تاکو ڕۆژی ئەمرۆمان بەتاقە بەڵگە نامەی یاسای نێونەتەوەیی دەژمێدرێت کە تێیدا دان بە مافی گەلی کورد نرا لە دیارکردنی مافی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستاندا. ئەم بەڵگەنامەیە دەسەلمێنێ کە کێشەی کورد کێشەیەکی نێونەتەوەییە و مەسەلەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئاکامی ئالوگۆڕ و دابەشکردن بووە لەلایەن وڵاتە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەوە.

> **پارێزگاری نێونەتەوەیی لەسەر هەر گفتوگۆ و پەیمانێک لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا داواکاریەکی ڕەوای کوردە، و مەرجێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کورد و بە جیهانی کردنی کێشەکەی**

جگە لەم هۆکارە یاساییە گرنگە، کۆمەڵێ هۆکاری تر هەیە کە سەربەخۆیی گەلی کورد و جیاوازی لەگەڵ گەلەکانی ناوچەکەدا نیشان دەدات و نێونەتەوەیی کێشە و مەسەلەی گەلی کورد دەردەخات. ئەم هۆکارانەش لەلایەن هەموو زانا و یاساناسانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دانیان پێنراوە. جگە لەوەش ئەم هۆکارانە بە مەرجە گرنگە یاساییە نێونەتەوەییەکان دەژمێردرێن بۆ دابینکردنی پرنسیپی سەرەکی یاسای نێونەتەوەیی کە پرینسیپی مافی گەلان و نەتەوەکانە لە دیارکردنی مافی چارەنووسیاندا.

ئەم هۆکارانەش پێکهاتوون لە مانەی خوارەوە:

١- زمانی کوردی هاوبەش.

٢- نیشتمانی کوردستانی هاوبەش.

٣- مێژوو نەریتی کۆمەڵایەتی هاوبەش.

٤- خەباتی دوور و درێژی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

ئەم ڕەوشتە هاوبەشانەی سەرەوە پێکەوە پیشان دەدەن کە گەلی کورد گەلێکی سەربەخۆیە و جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ نەتەوە فەرمان ڕەواکانی ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانییان داگیرکردووە (تورک، عەرەب، فارس). هەر لەسەر بناغەی ئەم ڕەوشتانە گەلی کورد بۆی هەیە مافی چارەنووسی سیاسی خۆی بە خۆی دیار بکات وەک هەر گەلێکی تری سەربەخۆی جیهان.

پاش چارپێخشاندنێک بە یاسا و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆمان دەدەرکەوێت کە یاسای نێونەتەوەیی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە دەستور و عورفیاندا دانیان بە کۆمەڵە پرینسیپێکی یاساییدا ناوە کە بوونەتە بناغەی دروستکردنی پەیوەندی نێوانی دەوڵەت و نەتەوەکان و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا. یەکێک لە پرینسیپە هەرە گرنگەکانی یاسای نێونەتەوەیی پرینسیپی مافی گەلان و نەتەوەکانە لە دیارکردنی چارەنووسیدا خۆیاندا لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا. ئەم پرینسیپەش لە دەستوری نەتەوەیەککرتووەکان دانی پێنراوە و لە دیباجەی زۆربەی ڕێکخراوە جیهانی و هەرێمییەکاندا دارێژراوە. پرینسیپی مافی گەلان و نەتەوەکان لە دیارکردنی چارەنووسدا بەڵگەنامەیەکی بە هێزی گەلانی ژێردەستەیە بۆ بەرگریکردن لە مافی چارەنووسیان و مسۆگەرکردنی، گەلی کوردیش وەکو گەلێکی سەربەخۆ و خەباتگێر دەتوانی پشت ببەستی بە پرینسیپی مافی چارەنووس وەکو پرینسیپێکی یاسایی نێونەتەوەیی. لە ڕێگەی داواکردنی چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە.

میللەتی کوردی بندەست، بە درێژای مێژوو لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا خەباتی کردووە و خوێنی داوە، لە بەرامبەریشدا دوژمنان بە ئاگر و ئاسن و بەبێ بەزەییانە ترین شێوە

www.arsivakurdi.org

# کێشەی گەلی کورد...
# کێشەیەکی ناوخۆیییە یان نێونەتەوەیی!؟

عەبدولقادیر پشتیوان

هەروەک روون و ئاشکرایە، گەلی کورد و خاکی کوردستان تاکو ئێستا لە نێوان چوار وڵاتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارووودا، تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، دابەشکراوە، واتە کوردستان و دانیشتوانی کوردستان راستەوخۆ بەستراونەتەوە بە سیستێمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەم چوار وڵاتەوە. لە رووی پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەش کوردستان سەر بە یاسا و دەستووری ئەم وڵاتانەیە. دەستوور و یاسا بنەڕەتەکانی وڵاتانی داگیرکەر، قەت دانیان بە نەتەوەیەکدا نەناوە بە ناوی نەتەوەی کوردەوە؛ بەڵکو کوردیان هەر بە تورک و فارس و عەرەب لە قەڵەم داوە. وەهەرگیزیش دان بە مافی گەلی کورد لە دیارکردنی چارەنووس خۆیدا نەنراوە. ئەگەر دەستووری عێراق باسی گەلی کورد و مافەکانی کوردی کردبێت لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی عێراقدا، تەنیا نووسین بووە و لەڕووی بەکردەوەوە هیچ بایەخێکی نەبووە و پشتگوێ خراوە. زۆر جاریش ئەم (نووسینانە) دژ بە بەرژەوەندی کورد و مەسەلەی کورد بەکارهێنراون. نموونەی بەرچاویش یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقە ساڵی ١٩٧٤.

خاکی کوردستان، دووجار لە دووکات و هەلومەرجی مێژوویی جیاجیادا دابەش و پارچە پارچە کراوە. یەکەم دابەشکردنی کوردستان پاش شەڕی بە ناوبانگی «چالدیران» ١١٥٤ ئەنجام درا. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی بەپێی پەیمانی ساڵی ١٦٤٩ ئەم دابەش کردنەیان بە شێوەیەکی رەسمی چەسپ کرد.

دابەشکردنی دووەمی خاکی کوردستان، پاش رووخان و لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، وەدابەشکردنی زەوی ولایەتەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالیزمە هاوپەیمانەکانەوە بە تایبەتی فەرانسە و ئینگلیز، ئەنجام درا. پەیمانی نهێنی (سایکس بیکۆ) کە لە ساڵی ١٩١٦ بە شێوەیەکی تایبەتی لە نێوان ئینگلیز و فەرانسەدا ئیمزا کرا، راستەوخۆ بەپێی ئەم پەیمانە زەویەکان و ولایەتەکانی ئیمپراتۆیەتی عوسمانی لە نێوان ئینگلیز و فەرانسەدا دابەش کرا. وە یەکێک لە ناوچە هەرە گرنگەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتەش، ناوچەی کوردستانی رۆژئاوا بوو کە پاش شەری «چالدیران» درا بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. گومانی تیانییە وڵاتە هاوپەیمانەکان ئەم پەیمانەیان دژ بە گەلی تورک و گەلی کورد ئیمزا کرد. چونکە لەم کاتەدا گەلی تورک خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ بوو کە دژ بە بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە نەبوو. وەهەروەها بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئەو سەردەمە داوای دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆیی دەکرد، ئەوە بوو بۆ ماوەیەکی کورت، تورکەکان بوون بە هاوپەیمانی کوردەکان پاش ئەوەی (کەمال ئەتاتۆرک) بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دا بە کوردەکان.

پاش نزیک بوونەوەی تورکیا لە وڵاتە هاوپەیمانەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیمان لەگەڵ کوردەکان، دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و سووریا و چەسپکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، کوردستانی رۆژئاوا کرا بە سێ لەتی ترەوە. بەشی خوارووی (ولایەتی موسل) خرایە سەر دەوڵەتی عێراق؛ بەشێکی بچووکی رۆژئاواش خرایە سەر سووریا، و بەشی هەرەزۆری باکووریشی خرایە سەر دەوڵەتی تورکیای نوێ. بەشی رۆژهەڵاتیش هەر لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا مایەوە.

ئەم دابەشکردنە ناڕەوایە کە دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد ئەنجام درا، تاکو ئەمرۆکە ماوەتەوە. کوردستان وگەلی کوردی یەککگرتووش، سنووری نێونەتەوەیی چوار وڵات لەت لەتی کردووە. ئەم حالەتەش بووەتە تەگەرەیەکی گەورە بە رامبەر خەباتی گەلی کورد لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا، و ئەم سنوورە

## ● لەم ژمارەیەدا ●

### کرمانجی خواروو


کێشەی گەلی کورد ............................. عەبدولقادر پشتیوان
جارێکی دیکە گفتوگۆ .............................. کرمانج گوندی
لەیلا بەدرخان .. سەما و مۆسیقای کوردی ............... فەرهاد پیربال
تیاتری ڕادیۆیی بۆ زارۆکان .............. ج.شیخولیسلامی (ئاشتی)


**▌ گۆشەی ئەدەب**


زریکەیەک ............................... شێرکۆ بێکەس
گلکۆی گوڵی سوور............................ نەزەند بەگی خانی
داهران .......................................کاکە وەیس
میرووله ..................................... کەریمی پورقباد
گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان .......................... کاکەباس
چاپکراوی نوێ ................................ بەربانگ


### کرمانجی ژووروو


ئەدوز هات کوشتن .............................................خورتو
لە کوردستاندا شەرێ قرێژ ....................... بەهرام ئاردا
لەگرتیخانەدا ڕەوشا دوایی........................ کامران بژاوو
پیرۆزبایی سی ساڵەی ئەمنیستی.........................................
دەنگبێژی ئاردا زێو گەلی کورد– سترین.................. لزران جەنگین
گالا بۆ کوردستان ........................ م. خەرێتی
رۆژ بە رۆژ– بەشی دووەم............................ ئەحمەد تگریس
یادی سمکۆی شکاک– بەشی دووەم– ..........................کەریمی حیسامی
لە وڵاتێ کوردی قەدەغەیە؟............................ ئەحمەد تگریس
پەیڤین لەگەڵ فەرهاد پیربال ........................ بەربانگ
شنو جان......................................... ئەحمەد حسینی


### زازایی (دملی)


سیامەند و خەجێ ............................... هـ. دلژەن
چەند هەلبەستەک– ئەستارە.........................................


**بۆ ئاگاداری**

ئاونیشانی شوێن و تەلەفۆنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد و، گۆڤاری بەربانگ هاتەگۆران و بەو شێوەی خوارەوە:

S:t Eriksgatan 33B, T. Fridhemsplan
Tel. 08- 652 85 85

# بــەربــانــگ


ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە
لە سوێد

بەرپرسیار: ن. کریف
دەستەی نووسەران
ج. حەیدەری
خەبات عارف
ئا. تگریس
ل. جەنگین
پ. خۆرتو
سیامەند شێخ ئاغایی
دیلان دەرسیم

ئابونەی ساڵانە: ۱۰۰ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ۲۰۰کرۆنی سوێدییە


دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاوەکرێنەوە.


**ئاونیشان:**
BERBANG
Box 45205
104 30 STOCKHOLM

**تەلەفۆن:**
08- 652 85 85

**پۆستگیرۆ:**
64 38 80-8



ژمارە ۷۳ (۱۰) ۱۹۹۱

### کۆچی دوایی

# دکتۆر رەحیمی قازی



دوکتۆر رەحیمی قازی

**پێشمەرگە**

لاپەڕەیەک لە خەباتی نەتەوەی کورد
بەرامبەر ئاغاوەت و داگیرکەران
لە دەورەیەری جمهوریەتی دیموکراتی کوردستان

١٩٦١

لە ١٩٩١/٥/٩ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا، دکتۆر رەحیمی قازی، دوور لە نیشتمان و لە ئاوارەییدا کۆچی دوایی کرد.

دکتۆر رەحیم، کوری (ابوالحسن سیف القضاە)ە، کە بە شاعیری گەورەی موکریان ناوی دەرکردووە، برای حەمە (حسین خانی سەیفی قازی)یە، کە لە چوارچرا لە سێدارە درا و ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەدە.

دکتۆر رەحیم لە ساڵی ١٩٢٥ لە مەهاباد لە دایک بووە. لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ بەشداری لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی رۆژهەڵاتدا کردووە. لەلایەن کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە، لەگەڵ چەندان لاوی تر بۆ خوێندن رەوانەی باکۆ کراوە.

لە باکۆ دکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە و تا روخانی رژێمی رەزاشا نەگەراوەتەوە کوردستان. دوای روخانی رژێمی پاشایەتی بۆ ماوەیەک گەراوەتەوە کوردستان و چالاکانە بەشداری لە بزوتنەوە رزگاریخوازەکەیدا کردووە. بەڵام بەر لە هێرشەیکەی خومێنی بۆسەر هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان گەڕاوەتەوە سۆڤیەت.

دکتۆر رەحیمی قازی وەک زۆربەی نووسەرانی کورد بە نووسینی شیعر هاتۆتە کۆری نووسین و ئەدەبیاتەوە. بەر لەوەی بێتە سەر پەخشان نووسین، کۆمەڵە شیعرێکی بە شێوەی - دەمە تەقێ و بەیتی «خلە»ی نووسیوە. دکتۆر چەند بەشێکی لە رۆمانی «دیپلۆماسی» جێمس ئۆلدریج وەرگێراوەتە سەر کوردی و لە رۆژنامەی «کوردستان» کە لە ئازربێجان دەردەچوو و بڵاوکردۆتەوە. هەروەها چەند بەشێکی لە کتێبی ئۆستون گەل (لە زینداندا و لە ئازادیدا) وەرگێراوە، لەگەڵ وەرگێرانی بەشێک لە رۆمانی «بەرەو لێوارەکانی دەجلە»ی حاجی موڕادی موگویڤ.

دکتۆر شارەزایی لە ژیانی کوردەواری و کێشەی دەرەبەگ و فەلاحدا هەبووە و ئەو شارەزاییەی لە رۆمانی- پێشمەرگە-دا رەنگی داوەتەوە.

- پێشمەرگە- دەکرێ بە رۆمانێکی کورت یاخود بە چیرۆکێکی درێژ بژمێردرێت. ناوەرۆکی پێشمەرگە، باسی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە دژی رژێمی پاشایەتی حەمە رەزاشا و هێزی دەرەبەگی فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە. بە کوردیکی پەتی و شێوەیکی رێکوپێک و راوێژێکی تەرووپاراو نووسراوە. پێشمەرگە- جارێک لە یەریڤان بە ناوی- هۆشیار بوون- چاپکراوە، جارێک لە ئازربایجان بە ئەزەری و بە کوردیش جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا چاپکراوە. دوای شۆرشی گەلانی ئێرانیش بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێران چاپکراوە.

جگە لە پێشمەرگە- دکتۆر رەحیم نامیلکەیەکی بە ناوی - قازی محەمەد و مەسەلەی خودمختاری کوردستانی ئێران- چاپکردووە. هەروەها دەست نووسێکی چاپنەکراوی لای نووسەری ئەم چەند دێرە هەیە بە ناوی (بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد و قازی محەمەد) ئەم دەستنووسە نزیکەی ٤٠٠ لاپەرەیە.

دکتۆر رەحیم، کتێبخانە و ئەرشیڤێکی زۆر گەورەی لەپاش خۆی بەجێهێشتوە، کە هیوادارین بپارێزێت.

هەزار سڵاو لەگیانی دکتۆر رەحیمی قازی، زانا و نووسەری کورد.

جەمشید حەیدەری

www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ژمارە ۷۳ گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید ساڵی ۱۰



LEILA BEDERKHAN

DANSES D'ORIENT

www.arsivakurd.org